# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە : 328 سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ ڕەشەمەی هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی مارسی دوو هەزار و بیست و یەک ی زایینی





# بەڕێوەچوونی شەشەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی سازمانی خەبات

ڕۆژانی شەممە و یەک شەممە ڕێکەوتی 28/27/2/2021 بەرامبەر بە 10/9/12/1399 بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی و زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی لە بنکەی ناوەندی سازمانی خەبات، شەشەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. سەرەتای کاری پلینۆم بە دەقیقەیێک وێستان و فاتیحاییێک بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدان و ڕۆحی مامۆستا سەیید جەلال حوسەینی، دامەزرێنەری سازمان دەستی پێکرد، و پاشان بەرێز کاک بابەشێخ حوسێنی سکرتیری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی خۆی بۆ پلینۆمی شەشەم پێشکەش کرد.

ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی، شیکردنەوە و باسێکی تێر و تەسەل لەسەر دوایین ئاڵوگۆر و پێشهات و ڕووداوەکانی جیهانی، ناوچەیی و کوردستان و ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە، و سازمانی خەبات ی کوردستانی، لە خۆ گرتبوو، لەسەر هەر کام لەو تەوەرانە دید و بۆچوون و خوێندنەوەی خۆی پێشکەش بە پلینۆمی شەشەم کرد. سکرتێری گشتی، ڕاپۆرتەکەی بە باسی جیهان و هەڵوێست و سیاسەتی جیاواز لە پێوەندی نێوان وڵاتان و بە تایبەت لە پێوەندی نێوان وڵاتانی خاوەن هێزی جیهان دەست پێکرد و لەو پێوەندییەدا، هەرکام لەو تەوەرانەی شیکردەوە:

1.پێوەندی ڕوسیەو ئەمریکا لەئێستادا

2. پێوەندی حکومەتی چین و حکومەتی نوێی ئەمریکا

3. ئەمریکاو ئوروپا پێوەندیەکانیان

4.ناکۆکی سیاسی ناوخۆیی لە ئەمریکا.

5. نەخۆشی کۆڕۆناو زیانەکانی

خاڵی جیگەی سەرەنج لەکۆی تەوەرەکان گۆڕانکاریی لە دەوڵەتی سیاسی ئەمریکا و هاتنە سەرکاری جۆ بایدن و کۆتایی هاتن بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترامپ بوو کە بەرێزیان پێی وابوو لە دەورانی سەرۆکایەتی بایدن گۆڕانکاری بەرچاو لەهەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا ڕوو بە جیهان و وەڵاتانی تر وەدی دێ . لە ڕاپۆرتی سکرتیری گشتی دا لە باسی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، کێشەی نێوان فەڵەستین و ئیسراییل هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و دەوری دەوڵەتی بایدن و هەروەها دەستێوەردانەکانی ڕژیمی ئاخوندی تاوتوێ کرا، هەروەها لەدرێژەی ئەو باسە نزیکی ئیسراییل و ووڵاتانی عەرەب زیاتر شیکرایەوە و گریمانەی پەرەسەندنی ئەو پێوەندییانە کرا. لە بەشی ڕۆژهەلاتی ناوین باسی ئەوە کرا کە حکومەتی بایدن کەمتر گرینگی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدا و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ناو پەروەندەی ڕۆژنامە نووسی سعودی خاشقچی کە لە سەفارەتی عەرەبستان لە تورکیە کوژرا. کێشەی حکومەتی بایدن لە گەڵ وەلیعەهدی سعودی لە لایەک بۆ تۆڵە کردنەوە لە ناوبراوە لە پێوەند بە پشتیوانی لە دۆناڵد ترامپ.ئەگەر حکومەتی ئێستای ئەمریکا سیاسەتەکانی لە حاست خاوەرمیانە بەو شێوەی ئەم چەند مانگەی سەرەتایی دا بێ، بێگومان زیاتر دەبێتە هۆی نزیکی ووڵاتانی عەرەب و ئیسراییل، بە تایبەت کە هەڕەشەکانی ڕژیمی ئێران بۆ سەر زۆربەی ووڵاتانی عەرەب نکۆڵی لێنەکراوە. لە لایەکی تر بەردەوامی حزوری هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سوریە، ووڵاتانی عەرەب و ئەفغانستان، شیکردنەوەی لەسەر کرا.

هەر لەدرێژەی ئەو تەوەرە باسی تورکیەو دەوری سەربازی، ئابوری و سیاسی لە ناوچەکەدا کرا. حزوری تورکیا لە ووڵاتی لیبی لە قەتەر و هەوڵەکانی بۆ زیاتر پەل هاویشتن لە ناوچەکەدا و باسی کێشەکانی لەگەڵ ئەمریکا، هێرش بۆ سەر چیای گارە، نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و هەوڵی تەواو بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە، ئەو تەوەرانە بوون کە قسەی لەسەر کرا.

لە باسی سوریا دا ئاماژە بەوە کرا کە ئەو وەڵاتە ووڵاتێکی شێواوە و چەندین دەسەڵات و بڕیاردەر هەیە و جیاواز لە حکومەتی بەشار ئەسەد، ڕژیمی ئێران و حیزبوڵڵا، چەکدارانی عێراقی بەکرێگیراوی ڕژیمی ئێران،ئەمریکا و تورکیە و ڕوسیە هەر کام لە ناوچەو مەڵبەندێک خاوەن دەسەڵاتن. کێشەو ناکۆکی لەو ووڵاتە چارەسەر نابێ تا حکومەتی بەشار بەردەوام بێ لە سەرکوت و ویست و داواکانی خەڵک پێشێل بکات و درێژە بە حوکمرانی دیکتاتۆری بدات، کێشەو ئالۆزی و دەستوەردانی ووڵاتان لە سوریە کۆتایی پێ نایەت

سەبارەت بەگەلی کورد لەو بەشەی کوردستان، وترا پێویستە کورد یەک هەڵوێست بێ و بەتایبەت بەڕێوەبەری خۆسەر دوور لە بەرنامەو سیاسەتێک کار بکا کە زیان بە پێگەی نەگەیێنێ و پشتیوانی ئەمریکاو ووڵاتانی ئوروپایی لە دەست نەدەن.

لە پێوەند بە هەلومەرجی عێراق، باسی لە بەردەوامی لایەنەکانی لایەنگری ڕژیمی ئێران کرد و جۆرێک لە پاشگەزبوونەوە لە بەشێک لەو سیاسەتە ڕادیکالانەی هێندێک لایەن، لە بەر ئەو مەترسیانەی هەستی پێ دەکەن، وەک هاتنی حکومەتی نوێی ئەمریکاو ئەگەری گۆڕانی سیاسەتی لە حاست عێراق، و ترسی لایەنە شیعەکان لە ئەگەری نەمانی پشتیوانی ئەمریکاو ژمارەیەک لە ووڵاتانی عەرەب لە حکومەتی ئێستای عێراق. هەروەها وترا هەلومەرجی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڵوگۆری ئەرێنی بە سەردا هاتووە.

لە درێژەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات، دۆخی ئێران و ڕژیمی ئێران هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و لە گرینگترین تەوەرەکانی ئەو بەشە ئاماژە بە بەرنامە مەترسیدارەکانی ڕژیم کرا، باس لە چەند پێشێلکاری لە لایەن ڕژیم لە پێوەند بە گەلاڵەی ناوکەیی کرا کە بۆتە هۆی نیگەرانی ووڵاتانی جیهان بە تایبەت ووڵاتانی ڕۆژئاوایی(غەربی) گەلاڵەی ناوکەیی ڕژیم وەک لە ڕابردودا کێشەیێکی گەورەی جیهانی بووە لە ئێستادا زیاتر ئاڵۆزو پرمەترسیدار بووەو بۆتە گرێ کوێرە. پالاوتە کردنی ئۆرانیوم کە 14 لە سەد زیاترە لەو ڕێژەیەی ئاژانس ڕێگەی پێداوە، هەروەها ڕێگە گرتن لە کارو چالاکی چاودێرانی ئاژانس لە ئێران و قسەکانی ئاخوند محمود عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ڕژیم کە لە وتووێژێکدا ووتی ئەگەر فشاری زۆرمان بۆ بهێندرێ و ناچارمان بکەن لەوانەیە بۆمبی ئەتۆم دروست بکەین.

1. باسی هەڵوێستی باڵەکانی ڕژیم

2.باسی بڕیاری مەجلیسی ڕژیم سەربارەت بە کۆتایی هێنان

3.بەردەوامی ئابلۆقەکان

4.بەردەوامی نارەزایەتیەکان و بە تایبەت نارەزایەتیەکانی ئەم دواییە لە بەلوچستان.... هتد. ئەو تەوەرانە بوو کە بە تێرو تەسەلی شیکردنەوەی

بۆ لاپەڕەی 2

تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە

## 

بەڕێوەچوونی شەشەمین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی سازمانی خەبات {1}


تێڕامانێک لە شاڵاوە دڕندانەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئێران لە کوردستان لە ساڵی1399 دا{2}


پشتیوانی سازمانی خەبات لە بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لە شارەکانی کوردستانی ئێران {3}

ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات سەبارەت بە ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک {3}


ووڵاتی بێ قانوون و دەسەڵاتی ستەمگەر {3}


یادی سەروەران {5،4}


زمان یەکەمین وگرینگترین هۆی پێوەندی مرۆڤە {5}

ڕاگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی ئافرەتانەوە {6}


پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران،بە بۆنەی ٨ی مارس {7}

پەیامی ڕێکخراوی لاوانی خەبات بە بۆنەی8 ی مارس، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان {7}


بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی8 ی مارس لە بنکەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران {8}


پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی خەبات، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک {8}

پاشماوەی لاپەڕەی یەک {1}

... بۆ کرا و بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەمی ئەو قەیرانە چارەسەرنەکراوانە، دۆخی ئێستای دەسەڵاتی ئاخوندی بە لەرزۆک زاندار و هەر لەو باسە دا زەرورەت و گرینگی یەکریزی گەلانی ئێران وەبیر هێندرایەوە و هاوپەیمانەتی سازمانی خەبات و سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بە گرینگ و بەردەوامی و پەرەدان بەو جۆرە هاوکاریيانە بە زامنی زاڵ بوون بە سەر دیکتاتۆری ئاخوندان لێکدرایەوە.سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە پێوەند بە هەل و مەرجی جولانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی وتی: بە داخەوە جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە ماوەی پلۆنۆمی پێنجەم تا ئێستا، ئالوگۆڕی ئەرێنی بە خۆوە نەبینیوە، نەبوونی سیاسەت و بەرنامەی هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسیەکان و مانەوە لە چوارچێوەی سیاسەت و دروشم و بیرکردنەوەی ناپێویست و هێندێک جار ناڕوون، بۆ نمونە مەوزوعی وتووێژ لە گەڵ ڕژیم،خۆبینی و یەکتر نەخوێندنەوە و هەر لایەن بۆ خۆی بە جودا سیاسەت دەکا. هەروەها زەرورەتی هاوپەیمانەتیەکی واتاداری هێزە دیارەکانی ناو جولانەوەی رزگاریخوازانە، بیر هێندرایەوە.لە باسی دۆخی ناوخوی کوردستان، کێشەکانی گرانی، بێکاری،کێشەی کۆمەلایەتی،فەساد، شیکرانەوە و ئاماژە بە گرتنی دەوڵەمەندەکانی کوردستان، سیاسەتی فرت و فێڵی دەسەڵات و گرتن و ڕاوەدونانی چالاکوانانی مەدەنی کوردستان کرا. هەر لەو بەشەدا،سەرکوتی بێ بەزەییانەی جەماوەر لە لایەن هێزەکانی ڕژیمی ئاخوندی، نەبوونی هاودەنگی لایەنە سیاسیەکان، نەبوونی چالاکی و شەڕی پێشمەرگە لە بەرانبەر دژمن و نەبونی ڕیبەرایەتێک بۆ هاندان و ڕێکخستنی نارەزایەتیەکانی جەماوەر، وەک کۆمەلێک خالی نەرێنی زاندرا.لە بەشی ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی لە پێوەند بە سازمانی خەبات و کاروچالاکی و پێگەی لە کوردستاندا، سکرتێری گشتی وتی: هەمومان دەزانین کە سازمانی خەبات لە ناو جەماوەردا لایەنگرو پێگەی بەرچاوی هەیە،پێویستە هۆگرانی سازمانی خەبات لە ناوخۆدا زیاتر چالاک بن و ئەرکی هەنووکەیی و لەسەرووی سەرکردایەتی و سەرجەم ڕیزەکانی سازمانی خەبات، پەرە بەکاری تەشکیلاتی و چالاکی لەناوخۆدا بدەن.خەباتی چەکداری بە لەبەرچاو گرتنی هەل و مەرجی شیاو، کاری تەشکیلاتی، ژمارەیێک ڕێنوێنی بە نیسبەت بەشی پێشمەرگە و هەروەها باسی کۆنگرە و دواخستنی بە هۆی بارودۆخی تەندورستی جیهانی و چەندین بریار و پرۆژەی پەرەپێدانی سنووری کار و چالاکی سازمان لە ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی دا قسەی لەسەر کرا. دوا هەمین برگەی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی باسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بوو کە لەم بەشەدا بە تێروتەسەلی ڕاپۆرتی کار و چالاکی و هەڵسووڕانی سازمانی خەبات لە ماوەی نێوان دووپلۆنۆم دا پێشکەش کرا و بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتە، گۆرانکاریی و پڕ کردنەوەی کەم کووڕییەکان خرایە دەستووری کاری پلۆنۆمی شەشەمی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانەوە. لەدوای کۆتایی هاتن بە ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی سکرتێری گشتی، قسە و باسێکی گەرم لەسەر ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە کرا و ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. لە پاش پەسەندکردنی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی، بەرپرسی هەر کام لە کومیسیۆنەکانی سازمان ڕاپۆرتی کاری خۆیان لەماوەی نێوان دوو پلۆنۆم پێشکەش کرد و سەبارەت بە هەرکام لە بەشەکان قسە و باسێکی گەرم و تێر و تەسەل کرا و خالە ئەرێنی ونەرێنیەکانی بەشەکان و کەند و کۆسپ و ڕێگە چارەکان لەڕاست باشتر کردنی کاروباری ئورگانەکانی سازمان پێشکەش کرا و چەندین ئالوگۆر و ڕێوشوێنی پێویست بە نیسبەت هەر کام لە ئۆرگانەکان چەسپا. لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی بەرێز کاک بابەشێخ حوسەینی، سازمانی خەبات بەرنامە و کاری داهاتووی سازمانی خەبات بۆ بردنە پێشەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دیاری کرا و بە بەلێنی بەردەوام بوون لەسەر ئەرک و کارە تەشکیلاتیەکان، کاری پلۆنۆم لە دوای 2 ڕۆژ کۆتایی پێهات.

# تێڕامانێک لە شاڵاوە دڕندانەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئێران لە کوردستان لە ساڵی1399 دا

نووسینی: دورسا مەهیب

بەپێی وتەی ڕاگەیاندن و میدیا خۆماڵی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیەکانیش لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا نزیک بە سەد کەس لە کوڕان و کچانی شارو گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تۆمەتی بەهانەی دیارو نادیار گیراون و ڕەوانەی چاڵەڕەشەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کراون.ڕوون و ئاشکرایە کە بەبێ گومان گرتن و بێ سەرو شوێن کردن و ئەشکەنجەو کوشتن بەدرێژایی چل ساڵی ڕابردوو بەشێک نا, بەڵکوو هەموو ناوەرۆک و بنەما سەرەکیەکەی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی پێک هێناوە, بەلام ئەم شەپۆلی گرتن و دەستبەسەرکردنە نوێیەی کە لەم دوایانەدا لەلایەن ئەو ڕژیمەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەری هەڵداوە, هەڵگری قسەکردن و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیەکی فرە ڕەهەندترە و گشتگیرترو هەمەلایەنەترە.

یەکەم ئەوەی جیاوازی ئەم شەپۆلە نوێیەی توندو تیژی بەدژی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ساڵەکانی پێشووتر ئەوەیە کە سەردەمانێک کە دەڤەرو باژێرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەبیانووی بوونی پێشمەرگە و مافخوازانی سەرجەم پارت و لایەنە کوردیەکانەوە کەوتبوە بەر شاڵاوو پەلاماری ئەو ڕژیمە, بۆئەو کات لەڕواڵەت دا ئەوەیان دەکردە هۆکارو بەڵگەو بیانوو بۆ گرتنی گەنج و لاوانی ئەم ناوچەیە.

دوهەم ئەوەی کە جیاوازی گرتن و ڕاوەدوونانی کورو کچانی کوردی ئەم خولە لەگەڵ سەردەمانی پێشووتر ئەوەیە کە ئەوکاتانە زۆرتر بەتاوانی کوردخوازی و ئەندامەتی و لایەنگری لە پارت و لایەنە دژبەرو نەیارەکانی چالاک لەنێوخۆی ڕۆژهەلات دەستبەسەر دەکران تا تۆمەتی وەک سیخوری بۆ ئەمریکاو زایونیزم و تێکدانی ئاسایشی ولات و کردەوەی بەوتەی ئەوان ڕەشەکوژانە و تیرۆریستی. سێهەم ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا جیا لە سەردەمانی پێشوو جەردەیی و پارە کێشانەوە و باج وەرگرتن و لەوەش گرینگتر تیرۆری جیابیر و توێژەر و زانایانی سیکۆلار و دیموکراتخواز و مافپارێز, بەبیانووی سیخوڕی و هەوالگری و ئاسایشی لە ڕووپۆش و کاوێری دوژمنایەتی لە گەڵ سیستم و دەسەلاتە ملهور و زۆردارانەکەی دا بەدیار دەخا. هەر بۆیە لە کاتێکدا کە ڕژیم لەئاستی نێودەوڵەتی دا بەوپەڕی تواناوە ئابلۆقەو گەمارۆ دراوەو لەئاستی ناوچەیی و نێوخۆیش دا ڕووبەڕووی قەیرانێکی بێ وێنەو دەگمەنە, زۆر سەیر نیە کە بەگرتنی خەڵکی بێ دەسەلات و سقیل کە زۆربەیان تەنیا داواکاریان بژێوی ژیانی ڕۆژانەیانە, بتوانێ بیری کۆمەلگە چەواشە بکا بەئاراستەی توندو تیژی و ترساندن وتۆقاندن.

بەپێی ئاماری ڕاگەیاندراو لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤەوە ساڵی 1399 ی کۆچی خۆری پڕ قەلاچۆترین و گرتن و ئەشکەنجەکردن و هەڵواسین و لەداردان ترین ساڵ بووە لەلایەن ڕژیمی دڕندەکارو دژی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی زاڵ بەسەر ئێران دا , ئەم ڕێژە بەرچاوەی درندەکاریش بێ گومان نیشاندەری داماوی ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرترو زیاتری ئەو سیستمە گەندەلەو هەنگاونان و سەرەوژێر بوونەوە وهەرەس هێنان بەرەو زبڵدانی مێژووە. ئەم شەپۆلی نوێی گرتن و ڕاوەدوونانەی خەڵکی کوردستانی ئێڕان لەلایەن ئەو ڕژیمە درندەوە دەکرێ ئاماژەیەکیش بێ بۆ دڵەڕاوکەی رژیم لە هەڵوێستی بوێرانەی ئەمرۆژانەی خەڵک دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی و هاوکات تێگەیشتنی زۆرتری جەماوەر لە ناوەرۆک و ئیدئۆلۆژی هیلالی شیعەو هەناردەکردنی بەوتەی خۆیان میرات و ڕێچکەی خومەینی و خامەنەیی بەناوی هەناردەکردنی ڕاپەڕینی شیعەی ویلایەتی فەقیهی. ئەگەرچی لەسالانی پێشووتردا بەشێوەیەکی فۆڕمالیتەو ڕواڵەتیش بێ پرۆسەی دادگەری و ئاگادارکردنەوە لە تۆمەت و دادگایی کردنی ئاشکراو لەوانەش گرینگتر مافی خاوەنداریەتی پارێزەری دڵخواز بۆ هەر تۆمەتبار یان بەناو تاوانبارێک لەئارادا بوو, بەلام ئێستا سیستمی لۆمپێنی و بەتایبەت مافیای سپای پاسداران زۆر ملهوڕانەو بێ منەت و بەبێ هیچ گرینگی دانێک بە بیروڕای گشتی و داواکاری چالاکانی کۆمەلایەتی هیچ ولامێک نادەنەوەو تەنانەت بەو یاسای تاوان و سزایەی کە وەک دەڵێن چونکە لەلایەن خۆیانەوە پەسەندکراوەو بەپێی قوڕئان و بنەماکانی ئیسلامی لە سیستەمی ویلایەتی فەقیە دا داڕێژراوە, کار ناکەن, هەرئەوەشە کە زۆر بەدەگمەن ڕێ دەکەوێ کە هێزە هەوالگری و سیخوریەکانی ڕژیمی ئاخوندی نێوو بیوگڕافی ئەو کەسانە ئاشکرا بکەن کە گرتویانن و هاوکات هیچ مۆڵەت و دەرفەتێکیشیان بۆ نارەخسێنن تاکوو تەنانەت لەگەڵ بنەماڵەو خێزانەکەشیان پەیوەندی بگرن و بارودۆخی دەرونی و جەستەیی خۆیانیان پێ ڕابگەیەنن.ئاشکرایە کە گرتنی تەنانەت تاکەکەسێکیش لێکەوتەو دەرەنجامی سایکۆلۆژی و جەستەیی لەسەر باوک و دایک و ژن و منداڵ و خزم و کەس و کارو دۆست و هاوڕێ و دواجار سەرجەم کۆمەلگەی ئەو کەسە دەبێ و هەر لە ژیان و دۆخی تاکەکەسی ناوبراودا کورت و بەربەست ناکرێتەوە. ئەوەیە کە لەڕاستی دا گرتنی کەس یان کەسانێک دەبێتە گرتن و بەندکردنی بەشێکی کۆمەلگە و لە بەردەوامی خۆی دا بەرە بەرە تەشەنا دەکا بۆ نێو وردە دەمارەکانی جەماوەری تەنانەت بەدور لە هەرچەشنە چالاکیەکی ڕامیاری و ناڕازیانە. کوردوتەنی هەر ناشزانن سیاسەت بەری چ دارێکەو لەکام زەوی دەڕوێ . بەکورتی و بەکوردی ڕژیمی گەندەڵی ئیسلامی ئێستا کە لە پەلەقاژەی سەرە مەرگ دایە دەیهەوێ بە ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتنی خەڵکی کوردستان بیری کۆمەلگەی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی لە کۆتایی هاتنی تەمەنی مافیایی و فاشیستی خۆی چەواشە بکاو بە خەیاڵی خاوی جەماوەری بوێری کوردستان چاوترسێن بکا کە نەبنە کەندووکۆسپی سەر ڕێگەی و بەمجۆرە بەخەیاڵی خاوی بەر بە ڕووخان و لەنێوچوونەکەی بگرێ. لەوەها دۆخێک دا کۆمەلگەی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان, بەتایبەت بنەماڵەو کەس و کاری گیراوان و ئەشکەنجەدراوان و لەوانیش گرینگتر گیانبەختکردوانی دەستی ئەو ڕژیمە کۆنەپەرەست و سەدە نێوەڕاستیە دەبێ بزانن و تەنانەت دڵنیاش بن کە ئەم شەپۆلی نوێی ڕاوەدوونان و گرتنەی گەنج و لاوانی ولاتە داگیرکراوەکەیان نیشاندەری بەدیارکەوتنی ئەو زەخت و گوشارە لەڕادەبەدەرەیە کە جیهانی پێشکەوتوو لەبابەت پرۆسەی کۆمەلکوژی شۆڕش و پالپشتی دارایی و سەربازی لە ڕەشەکوژانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناڤین و لەهەموان گرینگتر پێشێلی بەربلاوو دڕندانەی مافی مرۆڤ و سەرکوتی کەمینە نەتەوەیی و جیابیرەکانە لەلایەن فاشێست و تیرۆریستەکانی سپای پاسدارانی ڕژیمی ئاخوندی یەوە. هەربۆیە لەم ڕۆژە هەستیارو گرینگانەدا ئەرکی سەرشانی یەکە یەکەی خەڵکی کوردستان و سەرجەم چین و توێژەکانە کە بە ورەیەکی بەرزو باوەڕێکی قوڵ بە ڕزگاری و ئازادی لەبن دەستی ئەو سیستمە مافیاییە هاوکات لەگەڵ یەکڕیزو یەکگرتووترکردنی ڕیزەکانی خۆیان و پێکهێنانی ڕێکخستنێکی ئالۆزو نهێنی و چالاک. سەرهەڵدانێکی جەماوەری وا ساز بکەن کە ببێتە ئامرازو هاندەرێکی بەهێز وەک دەسپێک و بەرایەک بۆ ڕاپەرینە سەرەکی و بنەرەتیەکەی ڕوخاندن و لە ناوچوونی ئەم نیزام و دەسەلاتە دەرندەیە.




**خوێنەری بەرێز و خوێن شیرینی تێکۆشان!**

**تێکۆشان وەخوێنە، لێی ورد وەبە و تێیرامێنە،بابەتەکانی هەڵسەنگینە و لە شەن و کەویان بدە و کاکڵە و دانەی دەربێنە،بە ریەی رەخنە و تیبینی بی پێوە و چەقڵ وچەوەڵ و چەوتی و چەوێڵی و هەڵەکانیمان پێراگەێنە. بێگومان بە بژار و ناوکۆڵ کردنی ئێوەی ئایز، لە دێبەری تیکۆشان دا، بەر و بەرهەمی باش و بە سوود ڕەنێو دێت!.**

# پشتیوانی سازمانی خەبات لە بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لە شارەکانی کوردستانی ئێران



بۆ پشتیوانی لە بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەری لەشارەکانی کوردستان کە لەلایەن چالاکانی مەدەنی بەمەبەستی بەگژداچوونەوە و مەحکومکردنی شەپۆلی نوێی سەرکوت و دەستگیر کردنی هێزەکانی ڕژیم ڕاگەیەندرا بوو، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ڕاگەیاندراوێکی ڕوو بە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە.دەقی ڕاگەیەندراوەکەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیەی خوارەوەیە: هاونیشتمانیانی کوردستان! تێکۆشەرانی نیشتمانی خۆشەویست!

ڕژیمی مهوڕی ئاخوندی لە ماوەی 42 ساڵ دەسەڵاتی ستەمگەرانەیدا بە شێوەیکی بەربڵاو دوور لە هەموو بنەما ئینسانی و ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان، خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانی خستۆتە ژێر ستەم و چەوسانەوەو تا ئێستا هەزاران مرۆڤی بێتاوانی شەهید و ملوێنەها کەسی خستۆتە بەر شکەنجەو حوکمی ناڕەوای زیندانی بە سەردا سەپاندوون.وەک ئاشکرایە، چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن ناوەندە سەرکوتگەرە ئەمنیەتی و نیزامیەکان، دیاردەو کردەوەیێکی هەمیشەییەو، دەسەڵاتدارانی ئێران لە هەموو ڕێگەو شێوەیەک کەڵک وەردەگرن بۆ چەوسانەوەی دانیشتوانی کوردستان.هەر لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژیم و ناوەندە ئەمنیەتیەکانی، وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران، لە ماوەی مانگی بەفرانباری ئەمساڵ زیاتر لە 100 کەس لە چالاکانی مەدەنی لە شارە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیێک و بەبێ هیچ تاوانێک و تەنیا لە بەر کورد بوون و لە بەر خزمەت بە ژینگەی کوردستان، خزمەت بە زمان و کولتوری نەتەوەیی زیندانی کراون، کە بەداخەوە تا ئێستا لە چارەنووس و شوێنی زیندانی کرانی ژمارەیەک لەو کەسانە هیچ زانیاریەک لە بەر دەستدا نیەو ناوەندە ئەمنیەتیەکانی ڕژیمی دیکتاتۆرو دژی کورد وەڵامی کەس و کاریان نادەنەوە.سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران جینایەت و سەرکوتی خەڵکی کوردستان و بە دیاری کراوی چالاکانی مەدەنی، داوا لە جەماوەری کوردستان مەحکوم دەکاو داوا لە جەماوەری کوردستان دەکا، لە مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی 22ی ڕێبەندان( بهمن)، کە یادی سەرکەوتنی ڕاپەرینی خەڵکی ئێران بە سەر حکومەتی دیکتاتۆری شاهەنشاییە بەشدار بن و ٢٢ی ڕێبەندان، بکەنە ڕۆژی ناڕەزایەتی و مانگرتنی سەرانسەری و بە نەچوون بۆ شوێنی کار و بەشداری نەکردن لە ڕێ و ڕەسم و بۆنەی 22 ڕێبەندان، و بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن، لە بەرانبەر ئەو جینایەتانەی دەسەڵاتی ئاخوندی و بۆ ڕزگار کردنی چالاکانی مەدەنی، هەڵوێست نیشان بدەن.هەر بەم بۆنەوە داوا لە ڕێکخراوە جیهانیەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنیەکان لە سەرانسەری جیهان دەکەین پشتیوانی لە چالاکانی مەدەنی کوردستان بەتایبەت دەستگیرکراوانی یەک مانگی ڕابردوو بکەن و سیاسەتی سەرکوت و چەوسانەوەی دەسەڵاتی ئێران بەرانبەر دانیشتوانی ئێران و کوردستان مەحکوم بکەن.

سەرکەوێ مانگرتنی سەرانسەری ڕۆژی چوارشەممە 22 ڕێبەندان(بهمن) 1399 کۆچی خۆری.

بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندی، دژی ئینسان و دژی کورد.سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.

13ی ڕێبەندانی 1399 کۆچی خۆری

## پەیامی سەرەخۆشی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتۆر ڕۆژ نووری



بەڕێز کاک مەسعود بارزانی!

سڵاو و ڕێز

بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و تێکۆشەری دێرینی پارتی دیموکڕات و ڕێگای ڕزگاری کوردستان، سەرەخۆشیتان پێشکەش دەکەم و لە غەم و پەژارەتاندا بەشداری دەکەم. بێگومان کۆچی دوایی دوکتور ڕۆژ، خەسارەتێکی گەورەیە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان . لە خوای گەورە داواکارم دوامەنزڵی بەهەشتی بەرین بێ و جەنابتان سڵامەت و تەمەن درێژ بن.

## ڕاگەیاندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات سەبارەت بە ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک

زمانی هەر نەتەوە و گەلێک سەرەڕای ئەوەی کە یەکێک لە کەرەستە و ئامرازەکانی پێوەندی نێوان تاکەکانە لەگەڵ یەکتر و لێک حاڵی بوون لە کار و ئەرکی ڕۆژانە لە بوارەکانی، ئابوری و بازرگانی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و دەربڕینی داخوازیەکانیان و خۆ ناساندن و دەربڕینی شادی و شین، ناسنامە و کەرامەت و پێناسەی کەسایەتی تاک و ڕەمزی بوونی نەتەوەیە. یەکێک لە هێماکانی نەتەوەیی و جیاکردنەوەی نەتەوەکان لە یەکتری، بێجگە لە نیشتمان و کلتور و داب و نەریتە نەتەوایەتیەکان، زمانی دایکی نەتەوەکانە. پاراستن و پەرەپێدان و بەرەوپێش بردنی زمان و کلتوری نەتەوایەتی هەر گەلێک، نیشانەی پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی ئەونەتەوەیەیە لە بوارەکانی: فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و بە بێ گەشەو پاراستنی زمان، نەتەوەکان بەرەو لاوازی و بێ دەرەتانی و ژێردەستەیی و چاو لەدەستی و لە ئاکام دا بەرەو فەوتان و لە ناو چوون دەڕۆن.گەلی ئێمە گەلی کورد لە کوردستانی پان و بەرین دا، سەرەڕای دابەشکراوی و نیشتمان داگیرکراوی لە بواری نەتەوایەتی، نیشتمانی، ئابووری، فەرهەنگیەوە، لە هەرکام لە پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان دا، زمان و داب و نەریت و فەرهەنگی نەتەوایەتیشی یاساغ کراوە و هەر کام لە ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی کوردستان لە قۆناغ و سەردەمە جۆراو جۆرەکاندا بە جۆرێک و بە پیلان و گەلاڵەی دژمنانە،، سەرەڕای نکۆڵی کردن لە ماف و ئازادیە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکانمان، لە هەوڵی فەوتان و لە ناوبردنی زمانەکەماندا بوون. بەڵام گەلی ئێمە لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتی بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و گەیشتن بە بەختەوەری، پاراستن و پەرەپێدانی زمانی شیرینی کوردی، بە یەکێک لە بنەما و ئەرکە نەتەوایەتیەکانی زانیوە و لەم بوارەدا، ڕووناکبیران و زمانوانانی دڵسۆزی زمان و کلتور و فەرهەنگی نەتەوایەتیمان، سەرەڕای گیرو گرفت و کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێ، زمانەکەمانیان لە لاواز بوون و فەوتان پاراستووە و ئەو ناسنامە نەتەوەییەمانیان نەوە لە دوای نەوە گەیاندۆتە قۆناغێک کە ئێستا بە خۆشحاڵیەوە هەر تاکێکی کورد لەم بارەوە خۆی بە بەرپرسیار و دەین دار دەزانێ و بە بێ سڵکردن لە تەنگ و چەڵەمەکان و بێ ترس لە هەڕەشە و تۆقاندنی دژمنانی داگیرکەری نیشتمان و زمان و فەرهەنگمان، هەرکام لە بەرخۆیەوە لە خەمی زمانی نەتەوەکەمان دان. لە ساڵیادی ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک دا، وێڕای پیرۆزبایی گەرم بەم بۆنە پیرۆزەوە، داوا لە تێکڕای ڕووناکبیران، نووسەران، زمانزان و زمانوانان، هونەرمەندان بە هەموو بەشەکانی هونەرەوە، ڕاگەیاندکاران، شاعیران و تێکڕای دڵسۆزان دەکەین کە بەوپەڕی ئەمانەتەوە لە خەمی پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەمان دابین و نەهێڵین دژمنان بە پیلان و گەلاڵەی نەویستانەیان لە ژێر هژمونی زمان و فەرهەنگی خۆیان دا زمان و کلتوری نەتەوایەتیمان بشێوێنن

پیرۆزبێ ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایکی.

کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات

3ی ڕەشەممەی 1399ی کۆچی خۆری

## وڵاتی بێ قانوون و دەسەڵاتی ستەمگەر

نووسینی: شنە کوردستانی



ڕۆژی شەممە 4ی بەفرانبار، سەربازێکی ڕژیم لە لایەن ئەسغەر عەنابستانی نوێنەری شاری سەبزەوار لە مەجلیسی ڕژیم لە کاتی چاودێری کردنی یەکێک لە خیابانەکانی تاران کەوتە بەر هێرشی ئەو نوێنەرەی مەجلیس. کردەوەی ئەو نوێنەرەی مەجلیس لێدوانی بەرفراوانی لە ناو دەسەڵاتداران و ڕۆژنامەو تلویزیۆنی دەسەڵات لێکەوتەوە، بە جۆرێک کە ئەگەر کەسێک ئاگاداری سیستمی دەسەڵات لە ئێراندا نەبێ بە شێوەیێک بیر دەکاتەوە کە حکومەتێکی دیموکرات و ئازاد وڵات بەڕێوە دەبا. بێگومان ناوەندەکانی دەسەڵات مەبەستیانە کەڵکی تەبلیغی و سیاسی لەو کردەوەیەی نوێنەری مەجلیس وەرگرن.ستەم پێناسەی دەسەڵاتی ئێرانە!ئاشکرایە کە لە ماوەی 42 ساڵ دەسەڵاتی ڕژیمی ئاخوندەکان ستەم و بێعەداڵەتی و جینایەت و ئێعدام و زیندانی کردنی لاوان بە تایبەت، و خەڵکی ئێران بە گشتی، و چەوسانەوەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و خاوەن باوەڕانی دین و بیرو باوەڕە جیاوازەکان لە دیاردە ئاسایی و سەرەکیەکانی ئەو دەسەڵاتەیە.هەر لە نوێترین کردەوەی ناوەندە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات و دەیان چالاکی مەدەنی لە شارەکانی کوردستانی ئێران، بە بێ بوونی هیچ تاوانێک گیراون چارەنووسیان نادیارە. لە ناوچەی بلوچستان سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵکی بەلوچ و ترۆرو ئیعدامی تێکۆشەرانی بلوچی بەردەوامەو لە شاروناوچەکانی دیکەی ئێران، سەرکوت و ئازاردان و گرتنی خەڵک لە ئارادایە. ئەو جینایەتانەی دەسەڵات لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بۆتە هۆی ناڕەزایەتی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و هەر لە نوێترین ڕاگەیێندراوی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕۆژی 10ی ڕێبەندان بڵاوکرایەوە، ئیعدامی 28 کەس لە ئێران کە بەشی زۆریان لە کەمایەتیە نەتەوەییەکانی ئێرانن، بە توندی مەحکوم کرد. ئامانج لە گەورەکردنی ئەو کردەوەی نوێنەری مەجلیس!

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە، پێکهاتەی دەسەڵاتی ئاخوندی واتە ستەم وبێدادی، بەڵام ئەی هۆێ چیە زللە لێدان و بێ ڕێزی کردن بە سەربازێک ئەوەندە گەورە کراوەتەوە، لە کاتێکدا کە پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە 40 ساڵ زیاترە ئەوەی بێ ڕێزی و تاوانە بەرانبەر خەڵکی ئێران ئەنجامی داوەو بە گشتی هەموو خەڵکی ئێران بەر زللەو لێدان و شکەنجەی جەستەیی ودەرونی، داوەو لە هەمانکاتدا گەندەڵی، گرانی و بێکاری، بەربڵاوبونی فەسادی و نابەرابەری کۆمەڵایەتی پەرە پێداوەو خەڵکی ئێرانی تووشی قورسترین کارەساتی قەرەبوو نەکراوە کردووە. بێگومان گەورە کردنەوەی لێدانی سەربازێک لە لایەن بەشێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات و بەشێک لە چاپەمەنی و تلوزیۆنی دەسەڵات جێگەی سەرنجەو ژستێکی دیموکراسیانەیە. ڕوونە کە پێکهاتەی دەسەڵات گەرەکیە کەڵک لەو بابەتە وەرگرێ، ئەویش بە ناو زڕاندن و قوربانی کردنی ئەو نوێنەرەی مەجلیسی ڕژیم، تا بە خەیاڵ بە خەڵک نیشان بدەن کە بەرانبەر ئەو کردەوەیە بێدەنگ نابن، بێگومان ئەو هەوڵەی ڕژیم و ڕاگەیاندنەکانی ئامانج ناپێکن.ووتەی کۆتایی! شکی تێدا نیە ئەو کردەوە گاڵتە جاریانەی دەسەڵات و خۆ نواندن و ژستی دیموکراسیانە هیچ کات ناتوانن ببنە هۆی لابردنی خاڵە ڕەشەکان لە سەر کارنامەی چل ساڵ جینایەت و مرۆڤ کوژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندی و هەروەها بەو کردووە هەڵوێستە درۆزنانە، دیموکراسی و عەداڵەت ناشیرین نابێ.هومێدوارم لە 22 ی ڕێبەندان، خەڵکی کوردستان بە بەشداری لە ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەرین جارێکی دیکە بە دەسەڵاتدارانی ڕابگەێنن کە خۆیان و دەسەڵاتی ستەم و جینایتکاریان کۆتایی پێ دێت و جەماوەری ئێران و خەڵکی کوردستان لە دەست زللەو بێ ڕێزی و چەرمەسەری ڕزگاریان دەبێ.

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {328} ساڵی سی و شەشەم . 30 ڕەشەمەی1399 ی کۆچی خۆری .20مارسی2021 ی زاینی



# یادی سەرووەران



## یادێک و سلاوێک له شەهید مریەم قادری، گوڵەباخەکەی نیشتیمان!.

نووسینی: ڕێبوار حوسەینی.



شـەهید گوڵەبـاخ ئەو کیژە کـوردە فیـداکارەی نـاو ڕیزەکـانی سـازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بـوو کە له ڕۆژی 5ی 3ی سـاڵی 1991 له شـاری ڕانیە، دەروازەی ڕاپەڕیـن، بەدەسـتی چەپەڵـی بەعسـیەکان له کـاتی هێـرش بـۆ سـەر جەللادخـانەکی ڕانـیە شەهید بوو . ئەم کورتە پەخشـانە وەک یـاد و سـڵاوێک پێشـکەش بە گیانی پاکی ئەوشەهیدە بە نرخە دەکەم.

ئـەمرۆ لـە نێـو نیشـتمانی دڵمـدا ، گـەردشم کرد! لـە شەقامی هیواکانما هەنگاوم نـا بـەسـەر خـاکی دڵمـدا. خاکێک کە مێژووی پـاراوی هەزاران دڵۆپەخوێنی تۆمار کراو بـوو. دڵۆپـەخوێنـەکان هـەرکـام وەک کورپـەیێـک بەسەر پشتی لانکی ناخمەوە بـوون! بـەسـەر خاکێـک دا ئـەرۆیشـتم کـە خـەم وەک سـێدارە لـە گـۆڕەپـانی نـەفرەتبـاری مـەرگ دا بـە پێوە بوو. له نزیک هەر دار و سێدارەیێک قاوخە فیشەکی زوڵم و ڕق و بێداد لـە سەر یـەک پـەشـتانەی کردبـوو. ڕۆیشتم بـە نێـو جـەرگـەی خاکی وڵاتێکی پیر و شەکەت وپشـوو لێبـڕاو، کـە وڵاتـی پەژارە و هەنیسک و مەرگ و گریـان بـوو. وڵاتـی کـزەی سـووتانی جـەرگـی دایـک و قرچەی شکانی پشتی باوک و نزاو هـاواری بـراو خوشک و لێشاوی فرمێسکی ڕۆڵـەی بێ بـاوەک وهـاوار و دوعـای جوانـە ژنـی بـە بـێ مێرد و حـەسرەتـی لاوچـاکی تـازە زاوای بووک له دەستچوو بوو. لەم خاکەدا لـە بەر سوتمان و تەم و تۆمانی ماڵوێرانی، چـاوەکـانم هیچیـان بـەدی نـەدەکرد.ئاسمان تـەماوی و خۆڵبـاران و پـڕ لـە چـرە هەوری بێزار لە خـــوی، بێزار وەک مرۆڤێکی بێ هیوا و دۆشداماو ، وەک هەتیوێکی سـڕ و تـەزیـو و چاوەڕوان بـۆ تیشـکی هـەتـاوێـک. وەک وەرزێکی وشکە ساڵی بۆ تەڕی و زەنوێری دڵۆپەئاوی بارانێک. نە چرۆیە و نە چڵ و گوڵ. نە ئاواز و مۆسیقایە و نە نەغمەی هوزار و بولبـول لـە سەر چڵ. نـە ئاسکە ناسکۆڵەیێک، نـە پەپوولە باڵ نەخشینێک، نە عیشـوە و نـازی کیـژۆڵێـک ،نە سوورە گوڵێک، نە نیگای ئـەفسووناوی منـالانی پـڕ لـە بـەرائـەت. نـە بـۆنی نـانێکی گەرمی گەنم و بەهارووی وەرزی بەرهەمی جوتیاری ماندوو بە دەسـت و پـەنجـەی شـۆڕەژنـی کەبانوو لـە سەر تـەندوورێک. نـە مامـە شـوان و تـوورەی شمشاڵ، نە ڕانە مەڕ و بێری بانە مەڕی پێ بە خڕخاڵ، نە کێڵگـە گـەنمـەکـان و سـەر خـەرمانی وەرزی خـەرمانان و هۆرە و بالۆرەی شەنیاری کاتی شەن و کەوی خەرمان، نە شایی و هەڵپەڕێکی گۆبەند و لاوک و حەیران. نە تارای سووری سەر ڕووخساری ڕووی سووری بووک. نـە دەنگـی مـەل و نـەشـنەی شـەتـاو ، نـەتریفـەی مـانگە شـەوی زسـتان، نـە تیشـک و گـەرمـی خـۆری هـاوین. نـە لوتکەی بەرزی سەر سپـی و نە پێدەشتی سەر سەوز و شین. گـوێم لـە دەنگـی چرکـەی کـاتژمێری زەمـەن و لـە هەناسەی مەلی سەر سوورە گـوڵان و لـە سـرتە سـرتی جێژوانـان و لـە دەنگـی پێـی سـەماکـەران و، لـە لایلایـەی دایکان و هەراو هۆریای یاری منـالانی کـوڵان و زڕەی زەنگـی زەنگۆڵـەی ملی کار و بـەرخ و، دەنگی بانگی مزگەوت و شنەی نـەسـیم و خـوڕە و هـاژەی ڕووبـارەکـان کـەلـەشـیری بەیانیان نەبوو.باخەکان ژاکاو و وشک، گوڵزار سیس و لارەمل و سەر بەهەش. دەریا وشکارۆ، بەژ قـاقڕ. سروشت تـەندوری پـڕ لـە گـڕ. هـەمـوو شت لـە شوێنی خۆی مۆمیـایی کرابـوو. دەرگا و پەنجەرە داخراو، و

لـە دەنگـی موسیقا و بالابـان و لـە جریـوەی مـەلان و شـەقـەی بـاڵی باڵندان و قوقەی خانووی ژیان وێران کراو. هەوارەکـانی پشوودان ویرانە وچۆڵ،ببونە لانەی پەپوو. هەنگاوم نا ،ڕێگام بڕی، بەرگم شڕبوو کالەم دڕی. دڵۆپە خوێنەکان تا کۆتایی ئەم نیشـتمانە وەک گوڵاڵـە گوڵەبـاخە سوورە بێ نازەکانی دەشتی بیتوێن و پشـدەر، نیشـتمانی دڵمیـان داپۆشـی بوو. خولیاکانم وەک ڕێبواری لە پێ کەوتوو بێ تین و هێز، وەک مرۆڤێکی چاوەڕێ، چاوەڕێ بـۆ هـاتنی ئازیزێک بـێ ئـۆقرەبـوون. ئـاوڕم بـۆ دواوە داوە شوێنی پێی هەلدێراوم دەبینی. هەر دەرۆیشـتم و بـانگم دەکـرد و دەم پرسـی:ئەم نیشـتیمان و ئەم خـاکە، ئەم گەلە هەژار و پـاکە، ئەم وڵاتە دڵگیر و تـاکە، بۆ وێرانە؟ بۆ حـاڵی هۆزمـان گریـانە؟ بـۆچی ئـێمە هەردەم ماندوی دایم برسین؟ ڕێبواری ڕێی پڕ مەترسین؟کارمان ڕاسان و هەستانە،بۆ بەشمان کۆت و زیندانە؟.

بۆ وڵام دەگەڕام بەڵام، نە بیسەرێک نەوڵامێک. هەر خۆم بـووم و خـۆم و دەرونم. خـۆم و خولیـای هەڵدێراوی هـەپـرون هـەپـرووم. کـە سـەیری کـاتژمێرم کـرد چرکـەکـان بێدەنگ بێدەنـگ لـە نێـو هـەنگـاوی ناسـۆر و ژاندا وەک من ڕێیـان دەپێوا. چاوەم نووقاند تا لەمە زیاتر بە ناخی ئێش و ئازارا ڕۆنەچم ، لە پڕ ڕۆژ ژمێری فیـداکاری بەرەو نەجـات ،سـاڵڕۆژی ڕاپەڕینـی باشـووری نیشـتیمانی کـردم خەڵات. تاسـەو ئـاوات ، بردیـانمەوە نـاو کـۆڕی فیداکاری و تێکۆشانی ئەو دەمی سازمانی خەبات.لەناو گوڵاڵەی لانـواڵ و بەربنـاری کیـوەڕەش دا کیـژۆڵە چەک بەدەسـتە دڵ پـڕ لە هەسـتە گەل خۆشەویستـه خۆنەویســتەکەی کوردستــان، گوڵەباغەکەی نیشتیمانم دی ،کە پڕ بە دەشتی بیتـوێن و شـاری ڕانـیەی دەروازەی ڕاپەڕیـن لە کاتێـک دا کە بەرەو مـۆڵگە و جەللادخانەکـانی بەعسـی خـوێن ڕێـژ هێرشـی دەبـرد، هـاواری دەکـرد و دەی وت : دەمـی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین، هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بـژین. بەرزە بـۆ وەتەمان گیان فیدا کردن، لە ڕێی ئەم خاکە بە کۆمەڵ مردن. بەیەک بـوونی گشت، پتەوبوونی پشت . بەیەک بوون ئەبـێ گەلێـک سـەرکەوێ.هەر بـۆیە منـیش بەبـێ ئیختیـار ڕووەو مەزاری پیـرۆزی، وەک دەروێشی کۆڕی زیکری دڵسۆزی وتم:

سـڵاو لە گیـانی بەرزت گوڵەبـاخ
گـوڵاڵەی دەشـت و تەواری سەرشـاخ
کیـژە پێشمەرگەی کـورد و کوردسـتان
خۆشەویسـتەکەی گەل و نیشـتیمان
ئـاسـوودە بنـوو ئـاسـۆ ڕوونـاکە
بە خوێنـت ڕەنگـا ئەم خـاکە پـاکە
کیـژە کـوردەکەی شـەهیدی خەبـات
مژدەبـێ گەلـت دەگـا بە ئـاوات

---

ئەوانەی گیانیـان بـۆ سـەربەرزی گەلەکەیـان فیـدا ئەکەن، بەچاوی ڕێز سەیر دەکرێن و بەخوێنی خۆیان نیشتمانیان ئەپارێزن، لە هەموو شتێک پیرۆزترن بـۆ کۆمەڵەکەیـان. هەرگەلێک شەهیدانی لە یاد بچێ و ڕێز لەو دەسکەوتانە نەگرێ کە بە خوێنی شەهیدان هـاتۆتە دی، بـێ شـک لە گەلەکـانی دواکەوتـووی جیهانە. تەعریف لە شەهید وسەربەرزییەکانیان بۆ بیرهێنـانەوەیە نەک پێمـان وابـێ کە ئەتـوانین بە تەعریفیـان ئەوەی پێویسـتە و هەڵـدەگرێ،بۆمان گوتبن. شەهید لە پلەی هەرە سەرەوەی ئینسان دایە وجێگـای فەخر و سـەربەرزی نەتەوەیە، هەر گەلێـک نیشـتمانی بە فیـداکاری ڕۆڵەکـانی وخوێنـدان ڕزگـار بوبێت، لەناو گەلانی تردا جێگای ڕێزن و سەربەرزن. نمـونەی ئەو گەلانەی کە بە فیـداکاری ڕۆڵەکانیـان سـەرکەوتوون و نیشـتمانیان لە دەست بێگـانە ڕزگـار کـردووە، نیشـانی داوە لە لایەن وڵاتـانی تـرەوە بە چـاوی ڕێـز سـەیر دەکـرێن. شـەهید تەواوکەری گەل ونیشـــتمانە. ئەگەر شـــەهید نەبێـــت، نیشـــتمان ناحەسـێتەوە لە دەسـت داگیـرکەران. کوردسـتان کە ساڵهای ساڵە بۆتە مەیدانی غارغارێنی داگیرکەران و خۆیـان لێخـۆش کردووە بەڵکو بتـوانن ببنە خـاوەنی ،هەر خـــوێنی شـــەهیدان و ڕۆڵەکـــانی کوردســـتانە نەیهێشتووە نیشتمان ببێتە پاروە خۆشە و داگیرکەران بەردداني‌دەن وبیهاڕن.

بەڵـێ نیشتمانمان بـۆیە سـەربەرزە ڕۆڵەی فیـداکاری هەیە. کـورد ئەگەر بـێ کەسـیش بـێ بە لێبـڕاوی ڕۆڵەکــانی و فیــداکاری و خــوێن بەخشــینیان لە نــاوچوون و فەوتانیــان ئاســان نــیە و مەحــاڵە داگیـرکەران، کە ئـارەزووی نەمـانی کوردسـتانە، بە فیداکاری ڕۆڵەکانی کوردستان قەت ئەو هیوایەیـان نـایەتەدی. شـەهید پـارێزەری حەیسـییەتی کـوردە. شەهید نیشانەی عەزمەتـی میللەتە. شەهید چرای سـەر فـرازی گەلە، ئـاڵای هەمیشـە بەرزو شـەکاوەی نیشـتمانە. بـۆیە کـورد تـا ئێسـتا پـارێزراوە، هـۆی فیـداکاری ڕۆڵەکـانی بـووە. کـورد مـانەوەی وەک نەتەوە، بـۆ فیـداکاری و لە خـۆبردوویی ڕۆڵەکـانی دەگەڕێتەوە. ئەگەر فیـداکاری نەبێـت دەکەوێـتە بەر بەرداشـی داگیـرکەران دەبـووە تۆزێـک و ناوێـک لە کوردسـتان وکورد نەدەما. لە سـەر شـانی هەموومانە یادی شەهیدان بەرز ڕاگرین وکۆڵ نەدەین تا بتوانین ئاواتی شەهیدان بێنینەدی و نیشتمانمان ڕزگار کەین. شەهیدانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بێ شک گوڵبژێرن لە باغچەی شەهیدانی کوردستان چونکە خۆبەخـت کەرانێـک بـوون. کە هەم کوردسـتانیان دەویسـت وهەم بە ئیسـلامیش باوەڕیـان هەبـوو. چاکترین و پاکترین ڕۆڵەکانی گەلـن. یادی شەهیدی ئەمجارەشمان نمونەیەک لەو شەهیدانەیە کە نیشان ئەدات بەڕاستی سـازمانی خەبـات ڕێگـای ڕاسـتەو ڕەسەنترین ڕێگای نیشتمانمان کوردستانە. کە ئەویش سەروەری گەل شەهید مام شەریف ڕەحمانیە. کە مام شـەریف ڕەحمـانی پێشـمەرگەی کـۆڵنەدەر و لە خۆبردووی سازمانی خەبـات تـا ئـاخرین سـاتەکانی ژیانی ئەرکەکانی بێ هیچ دەغدەغەیەک ئەنجام ئەدا. مـام شـەریف سـاڵی 1312 لە ئـاوایی بەرەجـۆی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی هەرە هەژاری کوردستان لە دایک بوو. بنەماڵەی مام شەریف بە جوتێری ژیانیان دەبردە سەر. باوکی مام شەریف بە ڕەنجکێشانی زۆر توانی لێبڕاو دوای چەند ساڵ کەنفتی ماڵئاوایی لە ژیان کرد. دایکیشی هێندەی پێ نەچوو کۆچی دوایی کرد و شەریفی منداڵیان لە گەڵ چەند خوشکی بە جێهێشت و کەوتە قەزاو قەدەر. مامی مام شەریف کە زۆری لەگەڵ خـراپ بـوو سەرپەرەسـتی کـرد، تـا 15سـاڵی و زۆر بێ ڕەحمانە خستیە ژێرکارەوە. لە 15ساڵیەوە مامیشی مەسئولییەتی بە ئەستۆ نەگرت و لە ماڵ دەری کرد، ئەم مێرمنداڵە بێ سەر پەنایە ناچار ڕووی لەم لاولا کرد. بۆ ئەوەی بتوانێ سەر



شەهید مام شەریف ڕەحمانی

پەنـــایەک بدۆزێتەوە تـا ژیـانی لـێ بەرێـتە سەر. بۆیە بە کـاری زۆر و لە توانا بەدەر بۆ ماڵان کـاری کرد. تا بتوانێ درێژە بە تەمەنی پڕ مەرارەتی بدا. لە مێرمنـداڵییەوە کەوتە بەر قورسـترین کـار کە لە توانـای کەسی گەورەش دانەبـوو. بە سەرما و گەرما مـام شەریف هەر کـاری دەکرد. ئەو ژیـانە سـەختەی چەند ساڵ درێـژە پێدا تـا کـاتی سەربازی هـات. لە مـــاوەی حکـــومەتی پاشـــایەتیدا بە زۆر ناردیـــانە خزمەتـی شایەتی و لە ماوەی سەربازیدا لەگەڵ بـێ ڕەحمی و بێ عاتیفەی غەیرە کوردەکان دایم بەرەوڕوو بوو. هەموو ئەو نارەواییانە لەگەڵ مام شەریف، مام شەریفی وا لێکرد هەر کاتێک دەرفەت هەبـوو ببێـتە پێشمەرگە، بـۆ ڕزگـاری نیشتمانی، لە دەست بەرچاو تەنـگ و ڕەگەز پەرەسـتان. هەر بە دەست پێکردنـی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران دژی ڕژێمـی شـایەتی، مـام شەریف هـاو دەنگ لەگەڵ ڕۆڵەکانی تری کوردستان لە سـەفی پێشـەوەی خەبـاتی دژی شـایەتیدا بـوو. شێلگیرانە هەوڵی ئەدا، مام شەریف پێی وابوو کورد بە نەمانی شا ڕزگـاری دەبێت و چیتر ناچەوسێتەوە. زۆر دڵخۆش بـوو بە سەرکەوتنی خەڵکی دژی شا کە بە داخەوە ئـاواتەکەی مـام شـەریف نەهـاتە دی. ڕوخـانی شـا تەنیـا ئـاڵوگۆڕ بەسـتەمگەران و دژی کوردان بوو. ئەوانەی دوای شای گۆڕبەگۆڕ هاتنە سەر حـوکم و قۆلیـان بـۆ فەوتـانی کـورد و وێـران کردنـی کوردسـتان هەڵمـاڵی. بەڵـێ بە هـاتنە سـەرکاری حکـومەتی نـا ئیسـلامی ئێـران گەلـی کـورد کەوتە بەرتوندترین و بێ بەزەییانەترین هێرشی پاسدارو چڵکاو خۆرەکانی کۆماری نائیسلامی یەوە. مام شەریفی قارەمـان کە بەڵێنـی بە خـۆی دابـوو دەبـێ سـەربازی کوردبێـت چەکـی شـەرەف و کەرامەتـی لە شـان کـرد و وەک پێشـمەرگەیەکی شۆڕشـگێر و لە خـۆبردوو بەو پەڕی لێبـڕاوی و دڵسـۆزییەوە چـی ئەرک گـران بـوو ئەنجامی ئەدا. مام شەریف لە ساڵی 1358دا چەکی لە شان کرد بۆ بەرگری کردن لە هێرشی داگیرکەران و لە دامەزراندنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دا. لە سـاڵی 1359دا یەکێـک بـوو لە یەکەمـین پێشمەرگەکانی ئەم ڕێکخراوە. مام شەریف بە ئیمان بە موبـارزە بـۆ گەلـی کـوردی قارەمـان چەکـی هەڵگرتبـوو بـۆیە زۆر مەردانە و دلێـرانە چـی ئەرکەکـانی پێشـمەرگایەتی بـوو دڵسـۆزانە ئەنجـامی ئەدا. مام شـەریف لە سـاڵی 60 و 61 وەک کـادری تەبلیغـی بڵاوکراوەکـانی سـازمانی خەبـاتی لە ناوچەکـانی پیرانشـار و سەردەشـت و مەهابـاد بـڵاو دەکردەوە و لەم ماوەدا لەگەڵ بەرچاوتەنگانی غەیرە خەباتی و خۆ بە زلزان و بەرچاو تەنگ بەرەنگـاری دەکرد. چەنـد کەرەت گەمارۆیـان دا و ڕێگـای هـاتوو چۆیان لێگرت و بڵاوکراوەکانیـان لێستاند، بەڵام مام شـــەریف لەگەڵ ئەو نـــوعە کـــردارانە زیـــاتر و جدیترکاری دەکـرد. بەڵـێ مام شـەریف چونکە لە ژیانی منداڵییەوە بێ پسانەوە کاری دەکرد لە شۆڕش بێ بێـزوو هەموو کـاری دەکـرد. کـاری شۆڕشـی بە ئـی خـۆی دەزانـی و بە دڵخۆشـییەوە ئەنجـامی ئەدان. سازمانی خەبات جێگای سەربەرزی گەلی کوردە چونکە ڕۆڵەکـــانی ئەو ڕیـــزە لە چینـــی هەرە هەژاری لە خۆبردوویی گەلن. ئەوانەی لە خەبات دا گیانیان

فیـــدا ئەکەن لە پـــاکترین ودڵســـۆزترین ڕۆڵەکـــانی نیشـــتمانن و نمـــونەی چـــاکی و فیداکارین.

شەهید مام شەریف نمونەی یەکێک لەو ڕۆڵە گیان بەخشانەی کوردستانە لە ڕیزی سازمانی خەبات کە ژیانی لە منداڵییەوە بە مەینەت و چارەڕەشی بردە سەر. سازمانی خەبات بە جێگای حەسانەوەی خۆی دەزانی و پێی وابوو ئەو ماوەیەی کە لە سازمانی خەباتە ژیانی ئاسوودە بووە. چونکە ویژدانی ڕاحەت بـوو. شـــەهید مـــام شـــەریف لە 7ی ڕەشـــەممەی 1372 دا لە یەکێک لە بنکەکانی سازمانی خەبـات لە شـاری سـلێمانی بە دەسـتی بە کرێگیراوانـی ڕژێمـی ئاخونـدی لە مـانگی ڕەمەزاندا شەهید کراو ڕۆحی بەرەو بەهەشتی .شـــەهیدان لە شـــەقەی باڵیـــدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید مام شـەریف و نەفـرین بـۆ ترۆریسـتان.

نووسینی: سیامەند

## کـۆچی دوایـی بـرای ئەنـدامێکی سـازمانی خەبـات ، لە شـاری سەقز



ڕۆژی یەکشـەممە 12ی ڕێبەنـدانی 1399ی کـۆچی خـۆری، بەداخەوە کـاک عەتـا ئەردەڵان بـرای هـاوڕێی بەرێزمـان کـاک بێهـروزی ئەردەڵان ەنـدامی پێشـووی سـەرکردایەتی سـازمانی خەبـات و بەرپرسـی کومیتەی ئاڵمـان، لە شاری سـەقز کـۆچی دوایـی کـرد.کـاک عەتـا ئەردەڵان یەکێـک لە کەسـایەتیە بەرێزەکـانی خـانەوادەی ئەردەڵان و نـاوچەی سـەقز بـوو.

ڕێکخسـتنی دەرەوەی سـازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کـاک عەتـای ئەردەڵان پرسە و سەرەخۆشی بە کاک بێهـروز و خـانەوادەی ئەردەڵان و نـاوچەی سەقز پێشکەش دەکـات و لەم خەم و کۆستەدا هاوبەشی خەمیـان دەبـێ و سـەبوری و ئارامیـان لە خـوای گەورە بـۆ داواکـارە.

ڕێکخسـتنی دەرەوەی سـازمانی خەبـاتی کوردسـتانی ئێـران
12ی ڕێبەندانی 1399




ئەگەر ژیانی سەربەستانە وماف و ئازادی مرۆڤەکان، لەبارتەقای فیداکاری و خوین خەلات کردن زیاتر نەبوایە،گەلی کوردی بن دەستی مافخوراوی نیشتمان دابەشکراو،هێندەی ماڵوێرانی و شۆڕش و دەربەدەری نەدیبا و دایکان هێندە جەرگیان نەسووتابایە و باوکان هێندە بە لەدەستدانی جگەرگۆشەی ئازیزیان پشتیان نەچەمایەوە و لە دوای شەهید بوونی رۆڵەکانیان هێندە بە خۆڕاگری و شانازیەوە سەربەرز و روو سوور لە ناو جەماوەری گەلەکەیان دا، درێژەیان بە ژیانی پڕ لە ئاوات و خۆزایا بە وەدیهاتنی ئامانجی بەرز و پیرۆزی شەهیدە تاقانەکانیان نەدابایە. هەر بۆیە دایک و باوکی شەهید کاک کەریم زەربەنەییش تا دوا هەناسەکانی ژیانی پڕ لە مەینەت وکوێرەوەریان، بەو شانازی و سەرفرازیەوە ژیان.

شەهید کەریم حسێن زادە کوڕی حسێن خەڵکی گوندی زەربەنێ، کوڕە کوردێکی هەژارو دڵپاک و دەست پاک بوو. شەهید کەریم هەر لەسەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ نەداری و بەش خوراوی ڕووبەڕوو بوو، دەستی ڕۆژگاری نەداری شەهید کەریمی زۆر بە توندی لەناو خۆیدا ڕێک دەگوشی و ئازاری پێ دەگەیاند.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دام و دەزگای ڕژیمی شایەتی و دوای ئەوە کە ئاخوند ئینقلابیان داگیرکرد و جەنگیان بە سەر کوردستاندا سەپاند.

گەلی زۆر لێکراوی کورد، دەستی دایە بەربەرەکانی، شەهید کەریم وەک زۆر لە ڕۆڵەکانی کوردستان چەکی شەرەف و جوانمێری لە شان کردو زۆر ئازایانە بە گژ زۆرداران و خوێن مژاندا دەچۆوە.شەهید کەریم پێشمەرگەیێکی بە جەرگ و بە ئیمان و نەترس بوو، لە شەڕەکانی مەڵبەندی بانە و زۆر لە شەڕەکانی بۆکان و سەردەشت، ئەو شەهیدە نەمرە نمونەی ئازایەتی بوو.

بە داخێکی زۆر گرانەوە لە ڕۆژی ٢٤/١٢/١٣٦١ دا لە پشتی گوندی یاکوباوا لە کاتێکدا دژمنانی گەلەکەی یەک لە دوای یەک لە خوێناوی خۆیاندا دەگەوزاند، بە فیشەکی دژمنانی پێکرا و گیانی پیرۆزی فیدای ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەی کرد.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

نووسینی: ڕێبوار حوسەینی

لە ڕاستیدا ئەوەی لە تای تەرازوی خوێنی شەهیدا، خۆ ببینێ و لە هەڵسەنگاندێکی شۆڕشگێرانەدا لەگەڵ خوێنی شەهید هاو تەراز، تەنیا ڕزگاری نەتەوەکەیەتی. ئەوەیە بارتەقای ئەو گیانانە کە لە ڕاستی و پاکیدا ژیان و لە پێناو مافێکدا ڕۆیشتون کە هەزارانی بە پەیسەرەوە ڕۆیشتون و پێ شوێنیان و ڕچەیان ڕەش نەبۆتەوە. ئەوەی داستانی سەروەریان بۆ ئێمە مانان و نەوەی داهاتووان دەگێڕێتەوە، دێرە زێڕینەکانی مێژووی خەباتن کە چوونە ناو کۆگای ڕاستیان و بوونە ڕەمزی خۆشەویستیان. ئەو کەسەی کە لە بەرامبەر ستەمگەرو داگیرکەردا ڕادەپەڕێ و بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوا و لاچونی کۆت و بەندی ستەم خەبات دەکا،دەبێتەسەرمەشق ورێبەری کاروانی بەرەو ڕزگاری و بەرەو سەرچوون.

لە یادی سەروەرانی ئەمجارەدا یادی شەهید جەلالی عەباسی سوارچاکی مەیدانی دژمن ڕاونان دەکەین کە چۆن پیاوانە لە گۆڕەپانی خەباتدا کەمەندی مەرگیان بۆ دژمنانی کوردستان ئەهاویشت، تا ئەو کاتەی سپاردەیان هەبوو، ئازایانە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی نەتەوایەتی و ئایینی خۆیان، ڕۆیشتن و چەکی خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان سپارد.

شەهید جەلالی عەبباسی کوڕی ئەحمەد خەڵکی شاری بانە گەڕەکی ساتاوا، لە ساڵی ١٣٤٤ دا لە بنەماڵەیەکی نەداری کوردەواری چاوی بە دونیای پڕ لە ژان و مەرارەت هەڵهێناو لە بەحری ژیاندا، کەوتە باسکە مەلە. شەهید جەلال هێشتا دوو ساڵ لە تەمەنی تێنەپەڕی بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد و ڕۆڵەی شیرینی بەبێ نازی بەجێهێشت. شەهید جەلال دوای ئەوە کەوتە ناو باوەشی بێ نازی باوەژنەوە،لە ساڵی ١٣٥٠ بەرەو قوتابخانە بەرێ بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە لە نازی دایک بێبەش بوو، ئازایانە دەورەی سەرەتایی خۆی لە قوتابخانەی "میهرەکانی" شاری بانە تەواو کرد و پێی نایە دەورەی ڕاهنماییەوە تا ئەوەڵی نەزەری دەرسی خوێند. شەهید جەلال جیا لەوە کە قوتابییێکی زیرو بەهۆش




بوو لەو قوتابیانەش بوو کە لە هەموو تەزاهوراتێکدا وەک هەموو قوتابییەکان بەشداری دەکرد. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی مەوجودیەتی سازمانی خەبات، شەهید جەلال لە ڕۆژی ٢٩/٦/١٣٥٩ دا وەک ڕۆڵەیەکی نیشتمان پەروەر هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتەوە و چەکی شەرەفی کردە شان و زۆر ئازایانەو بەبێ ترس بەرەو بەرەکانی شەڕ لەگەڵ زۆرداران، شان بەشانی هاوسەنگەرەکانی وەڕێ کەوت. زۆربەی شەڕەکانی بانەو سەقز و بۆکان و سەردەشت، مەیدانی ئازایەتی ئەو شێرە کوڕە بوون. شەهید جەلال جیا لە ئەرکی پێشمەرگایەتی ماوەیێک بەرپرسی ماڵی هێزی شەهید سەید خەلیلیشی بە ئەستۆ بوو. بەڵام حەزی دەکرد کە بەرپرسیارەتی دارایی لێ وەرگیرێتەوە، هەموو توانای خۆی لە کاری نیزامی و گیان بەختکردندا بخاتە کار. بێ دڵی نەکرا بەرپرسیارەتیەکەی لێوەرگیراوە. شەهید جەلالی عەباسی قارەمانێک بوو کە سنگی پڕ لە ئیمانی خۆی دەرکردە سوپەری هەڤاڵان و لەگەڵ ئەرکی پێشمەرگایەتیدا ئەرکی خودا پەرەستیشی بەجێ دەهێنابەداخی گرانەوە بۆ هەڤاڵانی و بە شانازیەوە بۆ خۆی لە ڕۆژی ١٨/١٢/١٣٦٢ دا لە شەڕێکی قارەمانانەدا کە زیاتر لە ٢٠ کەس لە هێزی دژمن کوژران، لەسەر جادەی بانە- ئارمردە لە نزیک گوندی ماسیدەر بە فیشەکی ناپیاوانی مێژوو پێکراو گیانی پاکی بە سەرچیا بەرزەکانی کوردستاندا بەرەو بەهەشتی بەرین باڵی گرت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

نووسینی: ڕێبوار حوسەینی

ڕۆڵەی شیرین و کۆرپەی نەخشین لە ئامێزی دایک و باب دا چ جوانە و چ لەبەر دڵانە. نابینی چۆن بە دەست دەیپارێزن و بە چاکی ئاگاداری لێدەکەن. دەی لاوێننەوەو بە هەموو کرانێک دەی لاوێننەوە. چەندەیان لەبەر دڵانەو چەندەیان پێ جوانە، کاکۆڵی بە شانە دادێنن و بە کەلانکەی شین لە چاوی بەدی بەدوور دەکەن حەتا پشمی ئەڵاخێری بۆ دەکەن و لەگەڵ هەر قرپەیەک کە دەیداتەوە نۆشی پێ دەڵێن. هەر ڕۆژێ کە قسەیەک فێردەبێ، شادییەک دەخاتە دڵی خێزانەوەو کە کارێک دەکا پرسەی پێکەنین دەخاتە ماڵەوە. دانیشتنی لەبەر چاوان جوانەو ڕۆیشتنی جوانتر. کە دەڵێ دایی گومبەزیی سینەی دایک بە دایک قوربانت بێ دەنگ دەداتەوە کە دەڵێ بابە بەگیانی بابە وەڵام دەدرێتەوە، ئاوا بەخێو دەکرێ و بەناز بەرێوە دەبرێ. نازی دەبوورێ و گروی چارەسەر دەکرێ. ئەو کۆرپە شیرین و جوانە هەڵ دەدا و تووڵی ڕادەکێشێ و قاشی بەرۆیی دەکشێ و بەخۆ دادێ وباردێ. هیوای دایک و بابانە و فریادرەسی داگەین و دامانە. هیوایی ڕۆژی تەنگانەیەو مەترسی داگیرکەرو بێگانەیە. ئەو کۆرپە نازدارەی دایک وبابان، هیوای ڕۆژی تەنگانەی دایک و بابانە. خۆ تەنگانەی دایک و باوکان هەر ئەو تەنگانەیە کە لەگەڵی کوردی چارەڕەشە. تەنگانەی کورد یەکەو هەموو تەنگانەی گەلەکەمان لەو تەنگانەوەیە، ئەویش دەردی بێگانەیە، ئەو بێگانەی کە هەر جارەو لە پێستێک دا خۆی دەردەخاو کردوەو دڵی ناگۆڕێ و ڕەشەو ڕەش هەر ڕەشە و چاوچنوک و بەرچاو تەنگە. چاوی تێر نابێ بە بەشی خۆی و پەلاماری ئەموو ئەو دەدا کێ بێ دەستی درێژی کۆتا کا. کۆڵە مستی پڕ لە سینگی خوێن و ژان بدا.




جوێ لەو ڕۆڵە نازدارانە کێ هەیە ئەرکی پڕ لە شانازی شۆڕش و خەباتی پێ بسپێردرێ جوێ لەو خۆشەویستانە؟ کێیە کە سوور خەڵاتی شەهادەتی لێ دەوەشێتەوە جوێ لەو ڕۆڵە شیرینەی کە سەرگۆنای وەک و هەڵاڵەی سەر گۆڕی شەهیدانە. بەڵێ بەرخی نێر بۆ سەر بڕینەو بێچوە شێر بۆ ڕۆژی تەنگانەیە. کێیە کە بە ورەی گیانی و بە سینەی فراوانی کوردستان بپارێزێ. کێیە کە خۆ بکا قۆچی قوربانی گەل و سەری بەرزی وەهێلێ بەبەرزی. جوێ لەو ڕۆڵە نازدارانەی لای دایک و بابان. ئەو نازدارانەی شایانی شانازین. دایک وباوکان کۆرپەی شیرینیان بۆ ڕۆژی تەنگانەی گەل دەوێ بۆیە بە دوو دەست کۆرپەکانی باوەشیان کە ئێستا بوونە شۆڕەلاو، پێشکەش بە سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەکەن. کاتێک کە بۆ ناسیاوانی شەهید عەلی مەلایی قسە لە نازداری و خۆشەویستی دەکرێ لە لای دایک و باوکان بەر لە هەموو خۆشەویستان شەهید عەلی مەلاییان بە بەرچاو دادێ. شەهید عەلی مەلایی کە لە بنەماڵەیەکی کرێکار لە ساڵی (1347) دا لە شاری بانە لە دایک بوو. لە تەمەنی شەش ساڵیدا نێردرایە قوتابخانە و تاسێی ڕاهنمایی دەرسی خوێند. کاکە عەلی مەلایی هەر لە منداڵییەوە کوڕێکی ورد بوو. لە چۆنیەتی گەلی کورد و داگیرکەرانی کوردستان، نیشتمانی خۆشەویستی ڕادەما. ئەوە بوو دڵی .....

بۆ لاپەڕەی 6

# زمان یەکەمین وگرینگترین هۆی پێوەندی مرۆڤە

نووسینی: ئازاد حوسەینزادە



بە کەڵک وەرگرتن لە زمان لە واتای چێژ و ئازار، دۆستایەتی و دوژمنایەتی، ئەوین و قین، سەربەستی و کۆیلایەتی تێدەگەین. هەموو چەمک و تێگەیشتنێک لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ. بە گشتی زمان بوارێکە دونیامان بۆ واتادار دەکا. لە سەرەتای لە دایک بوونەوە وەک سیستێم لە هزری مرۆڤ دا جێگیر دەبێ و تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندایین لە گەڵمان دەژی. هەر لە ڕێگای زمانیشەوە تێگەیشتن دێتە ئاراوە. زمان ئاوێنەی بالانوێنی کولتور و هزری ئەو نەتەوەیە کە قسەی پێدەکا. بەسەرهاتی کۆن، چیرۆک و ئەفسانە کە هەڵگری واتا و شێوەی ژیانن هەر لە ڕێگای زمان دەگواسترێنەوە.

بە گوێرەی ڕێکاری یۆنسکۆ لە سەردەمی ئێستادا هەر کەس شارەزای زمان و مێژووی خۆی نەبێ، نەخوێندەوارە و هەموو کەسێک دەبێ لانیکەم قۆناغەکانی سەرەتایی بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێ. جگە لە گرینگی زمانی دایکی و ڕەهەندەکانی ئەو خاڵە دەبێتە هۆکاری گەشەی کەسایەتی و هزر لە مرۆڤدا و تواناکانی پەرەدەستێنن. کاتێک منداڵێک لە یەکەم ساڵەکانی ژیانیدا بە زمانی بێگانە بخوێنێ، تووشی سەرلێشێواوی و گرفتی گەورە دەبێ. بۆ وێنە بۆ تێگەیشتن لە هەر بابەتێک دەبێ تێبکۆشێ جارێک لە مێشکیدا وەریگێرێتە سەر زمانی خۆی و دواتر لێی تێبگا، بەڵام کاتێک خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێ تووشی ئەو گرفتە نابێتەوە و تەنانەت بۆ فێربوونی زمانی تریش تەنیا وشەکان فێر دەبێ چوونکە واتا و ناوەڕۆک لە پێشتروە لە مێشکی دا هەیە. لە سەردەمی ئێمەدا بە بوونی سۆشیال میدیا و فەرمانڕەوایی ناوەندەکانی هێز بە سەر ئەم جەمسەرەی ژیاندا،خێرایی لەناوچوونی ئەو زمانانەی کە دەستیان بەو ناوەندانە ڕاناگا و ئەو زمانانەی کە هێزی پشتیوانیان نیە، زۆر زیاتر لەڕابردویە.لە ئێستادا زمانی کوردی لە دۆخێکی زۆر هەستیار دایە و مەترسی لەناوچوونی لە سەرە. جیلی ئەوڕۆی کورد بە تەواوی بێگانەیە لە گەڵ زمان و مێژووی خۆی. قسەکردن بە کوردی وەک هۆکاری شەرمەزاری و دواکەوتویی دەبینرێ. هەر بۆیەش زمان و کولتوری داگیرکەر جێی بە زمانی کوردی لەق کردووە، ئەوانەش لە سۆنگەی پەروەردە بە زمانی بێگانە هاتۆتە ئاراوە. هەڵبەت لەم مژارە دا هەندێ خاڵی بەرچاو هەن کە ناکرێ نەبیندرێن:

باش وایە لایەنە ساسیەکانی کورد پێش هەموو کارێک بۆ بەرەوسەربردنی وێژە (ئەدەبیات) نەتەوەیی تێبکۆشن بۆ ئەوەی سیاسیەکانی دەوڵەتانی دیکتاتوری زاڵ بەسەر کوردستاندا پوچەڵ بکرێتەوە. بە داخەوە زۆر جار دەبینین کە ئەدەبیاتی سیاسی داگیرکەران بە سەر گوتاری کوردی دا زاڵە و کورد بەجێی ئەوەی گوتار و ئەدەبیاتی سیاسی تایبەت بە خۆی هەبێ تێدەکۆشن بە فارسی، تورکی یان عەرەبیەکی بێ گرێ و گۆڵ قسە بکەن، ئەو هۆکارە بە گشتی شوێن دانەر و کاریگەرە لە سەر تەواوی ڕەهەندەکانی ژیان.

- نەبوونی پەروەردە بە زمانی کوردی جیلی ئەڕۆ و بنەماڵەکانی گەیاندۆتە ئەو ئەنجامەی زمانی کوردی بێکەڵکە و پێویست ناکا کاتی پێوە بە فیرۆ بدەین. بیانوی ئەوەی ئێمە لە ماڵێ هەر فێری کوردی دەبین یان زمانی خۆمان پێویستی بە فێربوون نیە، هاوکاری کردنی ڕژیمە دیکتاتورەکانە بۆ زیاتر سڕینەوە و لە ناوبردنمان.

- میدیای نابەرپرسیار و کادری میدیای ناشارەزا، نەبوونی هیچ مەرجێک بۆ شارەزایی لە زمانی کوردی لە میدیای کوردی دا پشت ڕاست دەکاتەوە. هەر ئەوەش بۆتە ئافەتی زمانی کوردی.

-بوونی چوار دیالێکتیک و چوار ئەدەبیات لە زمانی کوردی دا نەک وەک دەوڵەمەندی نەبینراوە بەڵکوو بۆتە هۆکاری زیاتر لێک دوور کەوتنەوەی کوردانی کوردستان و زۆر جار گاڵتە بە یەک کردن.هەر بۆیە زۆر گرینگە ئاوردانەوەیەکی خێرامان هەبێ بۆ زمانی کوردی. وەک پرۆژەیەکی نیشتمانی لێی بڕوانین و کار بکەین بۆ بوژانەوەی بەرفراوانی زمانمان وەک دەوڵەمەندی ببینین.

# داواکاری ئامریکا بۆ پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک لەدژی ڕژیمی ئێران!



هەواڵدەری بلوومبێرگ و هەواڵنێرێکی پلەبەرزی ڕۆیتەرز، ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ڕەشەممە، لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویانە: لە بەڵگە نامەیێکی نووسراو دا کە دەست کەوتووە، ئامریکا داوا لە ئەندامانی شۆڕای بەرزی ئاژانسی نێونەتەوەیی دەکات بۆ فشاری زیاتر لە سەر ڕژیمی ئێران بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەڵێنە ناوکەییەکانی و لەم بارەوە بڕیارنامەیەک لە دژی ڕژیمی ئیران پەسەند بکات.کۆبوونەوەی ئەم شۆڕایە لە حەوتووی داهاتوودا بەڕێوە دەچێت، ئەم شۆڕایە پێشتر لە ٣٠ی جۆزەردان، یەکەمین بڕیارنامەی لە دژی ڕژیمی ئێران پەسەند کرد، ئەم بڕیارنامەیە کاردانەوەیەک بوو لە دژی ڕژیمی ئێران کە ڕێگەی بە پشکێنەرانی ئاژانس نەداوە تا چاویان بە دوو بەشی ناوکەیی جێگای شک و گومان بکەوێت، و لە کۆتاییدا ڕژیم پاش ئەم بڕیارنامەیە ڕێگەی چاوپێکەوتنی دا.

ئوروپا نیگەرانی خۆی سەبارەت بەوەی کە ڕژیم ڕێگەنادات دامەزراوە ناوکەییەکانی لەلایەن هەیئەتی ئاژانسەوە بپشکێندرێن، دەربڕی و ڕۆژی ٢ی ڕەشەممە، هەواڵدەری ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە پشکێنەرانی ئاژانس دوو بەشی گوماناوییان دۆزیوەتەوە کە ئاسەواری ئورانیۆمی لێیە و ئاژانسی نێونەتەوەیی بە دوای ئەوەوەیە تا دەسەڵاتدارانی ڕژیم بە هۆی وەڵام نەدانەوەیان، لێکۆڵینەوەیان لەم بارەوە لە گەڵدا بکرێ.

# ڕاگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی ئافرەتانەوە

ئافرەتــــانی تێکۆشـــەر و مـــافخواز! خەباتکارانی خەبـاتی یەکسانی خـوازی ئافرەتـان لە پێنـاو گەیشتن بە مـاف و ئازادیـــــــە ڕەواکانیـــــــان!

ڕۆژی ٨ی مارس،تان لێ پیرۆز بێ!

لە ڕەوتـی خەبـات بـۆ بەدەست هێنـانی مافەڕەواکانی مرۆڤ دا، زۆر بـۆنە و ڕوداو هەن کە جێگـای سـەرنج و تێڕامـانن و دەبـێ بـۆ سەقامگیربوون و وەدی هـاتنی ئامانج و ئاواتیان، بە هێند بگیـردرێن و پیـــــــرۆز بنرخێنـــــــــدرێن. ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ئافرەتان، لە ئاکـامی خەبــات و خــوێن دانـــی ئافرەتان لە پێناو بە دەست هێنانی ماف و ئازادیەکانیان دا هاتۆتە ئاراوە . هەر بـــۆیە جێگـــای خـــۆیەتی کە ئەم ڕۆژە بەڕێزەوە یاد بکرێ و وەک دەستکەوتێکی گرینگـی مرۆڤـایەتی لە پێنـاو بەرابەری مـــافی ئـــافرەت و پیـــاو دا ڕێـــزی لێبگیـردرێ. ئەگەرچـی هەل و مەرجـی ئافرەتـــان و گەیشـــتنی ئەو ڕەگەزە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان دا دوای زۆر سـەختی و هەوراز و نشـێو و هەوڵ و خەبـاتی خوێنـاوی تـا ڕادەیێکـی بەرچاو جێگـــای ڕەزامەنـــدی ئافرەتـــانە و ئەم ڕەگەزە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری دا ، دەوری بەرچاو دەگێڕن،

بەڵام لە کۆمەڵگـــــا داخـــــراو و دواکەوتوەکانی وەڵاتـانی جیهـانی سێهەم دا، بە تـایبەت ئەو وڵاتـانەی سـیتەمی دیکتـــاتۆری و دژی خەڵکـــی جـــڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە، ئافرەتان بەگشتی نەک لە مـاف و ئـازادیە مرۆڤایەتیەکـان بێ بەشن، بلکو وەک کەرەستە و موڵکی تـایبەتی ڕەگـەزی بەرابەریـان ، دێنە ئەژمـار و مامەڵـەیـان لەگەڵـدا دەکرێ و لە هـیچ کـام لە بەرنـامە و پڕۆژەکـانی بەڕێـــــوەبەری، پەروەردە، زانســـتی ، دادوەری و کـــــــــۆمەڵایەتی دا دەور و توانایـان بەهێند نـاگیرێ و، ڕێدەستیان پێنـادرێ تـا وەک ڕەگەزی بەرانبەریـان ئەرک و بەرپرســـیارەتی وەرگـــرن و لە بەرەو پێشکەوتنـی کۆمەڵگاکەیاندا جێ پەنجەیان دیاربێ. هەرئەوەش وای کردوە کە ئەو کۆمەڵگایـانە لە زۆر بـواردا لە جغـزی دواکەوتـوویی و پێشـنەکەوتن و هەژاری و ژێردەستەیی و چـاولە دەستـی

بەڵام لە کۆمەڵگـــــا داخـــــراو و دواکەوتوەکانی وەڵاتـانی جیهـانی سێهەم دا، بە تـایبەت ئەو وڵاتـانەی سـیتەمی دیکتـــاتۆری و دژی خەڵکـــی جـــڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستە، ئافرەتان بەگشتی نەک لە ماف و ئازادیە مرۆڤایەتیەکان بێ بەشـن، بلکـو وەک کەرەسـتە و مـوڵکی تـایبەتی ڕەگـەزی بەرابەریـان ، دێـنە ئەژمار و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و لە هـیچ کـام لە بەرنـامە و پڕۆژەکـانی بەڕێوەبەری، پەروەردە، زانستی ، دادوەری و کۆمەڵایەتی دا دەور و توانایان بەهێند ناگیرێ و، ڕێدەستیان پێنـادرێ تـا وەک ڕەگەزی بەرانبەریـــــــــان ئەرک و بەرپرســـیارەتی وەرگـــرن و لە بەرەو پێشـــکەوتنـــی کۆمەڵگاکەیانـــدا جـــێ پەنجەیان دیاربێ. هەرئەوەش وای کـردوە کە ئەو کۆمەڵگایـــانە لە زۆر بـــواردا لە جغـــزی دواکەوتـــوویی و پێشـــنەکەوتن و هەژاری و ژێردەستەیی و چـاولە دەستـی
دەسـەڵاتە پـاوانخواز و خـاوەن دەسـەڵاتە ئـابووری و سـەربازی و تـەکنۆلـۆژی دا بمێننەوە. لە کۆمەڵگـای ژێردەستی ڕژێمی ئـاخونـدی لە ئێرانـدا، سـەرەڕای ئەوەی هەمـــوو چـــین و تـــوێژی نەتەوە جۆراوجورەکـــان لەم وڵاتەدا لە مـــافە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکانیان بێ بەشن تەنانەت لـە چـــۆنیـــەتتـــی بەڕێوەبردنی ژیـانی تـاکە کەسیش دا بێ دەسەڵاتن. ئافرەتـان بە چەند قـات مـاف پێشێلکراوتر و ژێر دەستەترن.

گەلـی ئـێمە گەلـی کـورد لە کوردسـتـاندا، سـەرەڕای گەلێـک کەنـد و کۆسـپ و دار و لەلەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هێندراو و داسـەپاوی دوور لە فەرهەنـگ و کلتـوری نەتەوایەتیمـان، بە هـۆی شوێندانەری ئەو داب و نەریت و کلتورەوە، فەرهەنگی پیـاو سـالاری لە کۆمەڵگاکەمانـــدا بـــرەوی پەیداکردوە و بە شێوەیکی بەرچاو هژمونی خۆی بە سەر کۆمەڵگاکەمانـدا کێشاوە.ەڵام لە هەمان کات دا ئافرەتی کـورد زیاتر لە ئافرەتانی نەتەوەکانی وڵاتانێک کە دەست ئـاواڵاتر و بەرچـاو تـر بـوون، لە بەڕێـوە بردنـی ئەرک و پێداویسـتیەکانی ژیـانی خێزانـی، لە خەبـاتی ڕەوای ڕزگـاری و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتـی و نیشتمانی نەتەوەکەمانـدا، هێنـدەی کە پشـتیوانی ڕەگەزی بەرانبەریان بوون، بەو ئەندازەش لە بەڕێـــــوەبرنی ئەو خەبـــــات و فیـــداکاریانەدا بەکـــردەوە بەشـــدار بوون.مێژووی خەباتی خوێناوی گەلەکەمان پڕە لە بـاس و خواسـی ئافرەتـانی وا کە نەک هەر بەشـداری خەبـات و تێکۆشـان بـوون، بـەڵکـو لە زۆر قـۆنـاغ و هەل و مەرج دا، ڕێبەر و بەڕێـوەبەری بـزوتنەوە ڕەوا و یەک لە دوای یەکەکـــــــانی نەتەوەکامـان بـوون. لە شـۆڕش و خەبـاتی ئەم قۆناغەی نەتەوەکەماندا بەشداری ژنـــان لەو بـــزاڤە ڕەوایەدا ئەگەر لە پیـــاوان زیـاتر نەبـێ کەمتـر نـیە. سـازمانی خەبـاتی کوردســـــــتانی ئێـــران هەر لە ســـــەرەتای دامەزرانـــدنیەوە تـــا ئێســـتا بە بەردەوامـــی ئافرەتان لە بەرەو پێش بردنی سازماندا دەوری بەرچاویا هەبووە و لە هیچ فیداکاری و هەوڵ و تێکۆشـــانێک لە ئۆرگـــان و ناوەنـــدەکانی ســازماندا، نەک کۆتاییـان نەکـردوە بەڵکو لەو پێناوەدا گیانیان فیداکردوە و شەهید بـوون ،کە نمـوونەی ئەو فیـداکاری و گیـان بەخشـینانەی ئافرەتـــان، لە ســازمانی خەبـات دا، شـەهیدان مریەم فەرەجی و مریەم قـادری ( گوڵەبـاغ) ە، هەزاران سڵاو لە گیـانی پاکیـان بێت.سـازمانی خەبـــاتی کوردســـتانی ئێـــران لە ســـەر بنەمـــای بـــاوەڕبوون بە مـــافی بەرابەری هەر دوو ڕەگەزی ئـــافرەت و پیـــاو لە کۆمەڵگـــا دا، پێـــی وایە کە قۆناغەکـــــانی پێگەیشـــــتن و هەڵـــــدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگـای کـوردی بە بـێ بەشداری ئافرەتـــان شـــان بە شـــانی پیـــاوان نـــاگەنە هـــیچ ئامانجێـــــک و ئەو کۆمەڵگـــــایە لە جغـــــزی ســـەرنەکەوتن و دواکەوتـــویی دا دەخـــولێتەوە و مەلـــی بەخـــتەوەری نەتەوایەتمـــان بە تەنیـــا بـاڵێـک نـــاتوانی بەرەو لـــوتکەی مرۆڤـــایەتی بفرێ.هەر بۆیە لە سەر ئەو تێڕامان و باوەڕە پێشکەوتنخوازەی خۆی، سازمانی خەبـات بەر لە ١٨ ساڵ بۆ دەمەزراندنی ناوەند و ڕێکخراوێک ، بـەنـاوی "ڕێکخـــراوی ئـــافرەتـــانی خـــەبـــاتی کوردستان" هەوڵـی دا، تـا لەو دا ئافرەتـان لە پێنـاو بە دەست هێنـانی مـاف و ئازادیەکانیـان خـۆ ڕێـک بـخەن و هەوڵ و تواناکانیـان بـخەنە کار، بە هیمەتی ئافرەتانی ماندوویی نەناس، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیاریەتیە سازمانیەکانیان، ئەم ڕێکخراوەیـان بە شـێوەیێک بەڕێـــــوەوە بەرن کە لە ئێســـــتا دا وەک ڕێکخراوێکی داکۆکی کار لە ماف و ئازادیەکانی ئافرەتـــان خـــاوەن بەرنـــامە و پـــڕۆژەی شیاوی خـــۆیەتی و وەک ئەنـــدامێکی چـــالاک و خـــاوەن بڕیـــار و خـــاوەن هەڵوێست، ئەندامی ناوەنـدی ئافرەتـــانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانە. ســـەرەڕای بوونی ئەو ڕێکخراوە لە هەلومەرجی ئێستاش دا ئافرەتـان بە ڕێـژەی زۆر بەرچـاو لە ڕیزەکـانی سازمان دا چ وەک ئەندام و کـادر و پێشمەرگە و چ وەک ڕێبەرایەتی سازمان دیـار و بەر چاون و ئەم ڕێژەیەش ئەو هیوایە لە دڵ و هزرماندا بە هێزدەکـــــات کە ســـــازمانەکەمان بە بـــــێ لە بەرچـاوگرتنی جیـاوازی ڕەگەزی، بـۆتە چەتـر و ماڵێـک تـا ئافرەتـان لەو دا هێـز و توانـا و لێهاتوییەکانیان نیشان بدەن و دیواری نا ڕێکی جیاوازی ڕەگەزی ژن و پیاو بـڕۆخێنن و لە سەر وێرانەی کۆختەی بێ دارو پەردووی پیاو سلاری و ژێردەســتەیی خۆیـــان، کۆشـــکی بـــاڵابەرزی بەرابەری و یەکسـانی و بەخـتەوەری مرۆڤـایەتی بە بێ جیاوازی ڕەگەزی بونیاد بنێن.پیـرۆز بـێ ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ئافرەتان!

کـــــومیتەی ناوەنـــــدی ســـــازمانی خەبـــــات،ی کوردســـــــــــتانی ئێـــــــــــران.

٧ی مارسی ٢٠٢١

پاشماوەی لاپەڕەی 5

... ڕانەوەســـتا کە چـــاوی لە ســـتەمی داگیـــرکەران و لێقەومـــاوی چارەڕەشـــی گەلەکەی بـێ. خـۆی ڕانەگرت لە بەهـاری سـاڵی (1363) دا هـاتە نـاو ڕیـزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبـاتەوە و دوای ڕاهێنـان و بارهێنـان، مـاوەیەک لە بەشی چـاپەمەنی دا کـاری کـرد. لە بەهـاری (1364)چـووە نـاوڕیزی پێشـمەرگەکانی هێـزی شـەهید سـەید خەلـیلەوە. شـەهید عەلـی مەلایـی کە تەمەنـی لە 17سـاڵ تێـنەپەڕی بـوو، زۆر ئـازاو بە جەرگ بـوو هەمـــوو دەمێـــک هەوڵـــی دەدا کە لە پێشمەرگە ناودارەکان نەمێنێتەوە. شەهید عەلـی لاوێکـی هێـواش و ڕازدار بـوو جێـی متمـانەی شـۆڕش بـوو. بە دڵ شـۆڕش و خەبـاتی لەنـاو ڕیـزی سـازمانی خەبـاتی خوێناویدا خۆشدەویست. خۆ دودانی نەبـوو لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا. شەهید عەلـی لە کاتێک کە ببوە یەکێک لە جێـی هیـواو هومێـدی سـازمانی خەبـات، بە داخێکـی گرانەوە لە بەیانی23 ی ڕێبەندانی ساڵی 1364دا لە گونـدی یاکووبـاواى دەشـتە تـاڵی بـانە لە کـاتی گەمـارۆدانی ئـاوایی لەلایەن پاسـدار و خۆفرۆشـەکانی ڕژێـم و بەربەرەکـانێی پێشـمەرگەکان دا، عەلـی مەلایـی دەربـاز نەبـوو پێکـراو بە پـلەی شـەهادەت گەیشـت و چـووە نـاو کـۆڕی شـەهیدانی سـوور خەڵاتـی کوردسـتانەوە. ڕۆژی دوایی تەرمـی پیـرۆزی لە گۆڕستـانی هەزار ساڵەی شوێ لە ناو ڕێزو ئیحترامی خەڵکی بە شەرەفی ناوچەوو مامۆستایانی خواپەرەست و ئـازاو نەترس دا، خرا نـاو باوەشی کوردستانی خۆشەویست و بە گیانی پـڕ لە ئیمـانی ئەو گۆڕسـتانەی کـردە چراخـان .هەزاران سلاو لە گیـانی پـاکی شـەهید عەلـی مەلایـی و گشت شـەهیدانی سوور خەڵاتی کوردستان .

نووســـینی: مامۆســـتا پەژار

## هێرشی جەیشولعەدڵ بۆ سەر سپای ترۆریستی پاسداران

ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەممە، هێزەکانی جەیشولعەدل هێرشیان کردە سەر ماشینی سپای ترۆریستی پاسداران، ئەم هێرشە لە ناوچەی کەشتگان لە بەشی بەم پشت "سەر بە شاری سەراوان ڕوویداوە. ئەوە چەندەمین هێرشی ئەم گرووپەیە بۆ سەر هێزەکانی سپای ترۆریستی پاسدارانە. لەم هێرشەدا یەکێک لە ماشینەکانی سپای پاسداران تێکشکاو یەکێکیان دەست هێزەکانی جیشولعەدل کەوتوە. هەروەها یەکێک لە هێزەکانی سپای ترۆریستی پاسداران کوژرا و یەک کەسیش بە دیل گیراوە. لەوماوەدا کە خەڵکی سەراوان لە دژی ڕژێم ڕاپەڕین کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی ڕژێم ، و ئینتەرنێتی ئەم شارانە بڕاوە و ناهێڵین هیچ هەواڵیک لە هەلومەرجی شار و خەڵک بگاتە دەستی هەوالدەرییەکان و چەندین ناوەند و ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسی بۆ دیفاع لە خەڵکی بەلووچ ڕاگەیندراویان داوە.



## فەرماندەیەکی ئەرتەشی ڕژێم باس لە بەشداریان لە سەرکوتی خەڵک دەکات.



کەیومەرس حەیدەری، فەرماندەی هێزی زەوینی ئەرتەشی ڕژێمی ئێران بە ئاشکرایی باس لە سەرکوتی خەڵک لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٩٧ لە ئێراندا دەکات.ناوبراو لەتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕژێم، بەشداری کردنی ئەرتەشی لە سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی بەفرانباری 1397، وەک نمونەیەک لە مەئموریەتە پڕ شانازیەکانی ئەرتەشی ناوبرد و هەروەها دەڵێت کە هەرچەند ئەو ئەرکە بە ئەرتەش نەسپێردرابوو، بەڵام ئێمە ئامادەیی تەواومان بوو.حەیدەری دەڵێت: ئەرتەش توانی لەو شارانەی کە ئاڵۆزی تێدابوو، بە سەرکوتی خەڵک ئارامی جێگیر بکات.لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا، شەپۆلی ڕاپەڕین لە دژی ڕژێم و ڕێبەری ڕژێم (عەلی خامنەیی) گەیشتووتە لووتکە، کە گرنگترینیان لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨بووە. سەدان کەس لە خەڵکی ئێران لەم ڕاپەڕینانە کوژراون.پێشتر ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد کە سپای ترۆریستی پاسداران و بەسیج و هێزی ئینتزامی خەڵکیان سەرکوت دەکرد، ئەمە یەکەمجارە ئەرتەش بە ئاشکرا باس لە سەرکوتی خەلک لەم ڕاپەڕینانە دەکات.

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {328} ساڵی سی و شەشەم . 30 ڕەشەمەی1399 ی کۆچی خۆری .20مارسی2021 ی زاینی

# پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران،بە بۆنەی ٨ی مارس




تێکۆشـــــــــەرانی ڕێگـــــــــای ئـــــــــازادی و مـــــــــافخوازی!
ئافرەتانی کۆڵنەدەر و بەهەڵوێست!

لە ڕەوتـی خەبـاتی بێ وچـانی مرۆڤ لە پێنـاو بەدەست هێنـانی مـاف و ئـازادیە تـاک و جەماوەریەکان و، یەکسانی کۆمەڵایەتی و ڕزگاری و بەرابەری ڕەگەزی دا، هەشتی مارس لە مێـژووی ئەو خەبـاتە دا وەک ڕۆژی نێـونەتەوەیی ئافرەتـان لە پێنـاو گەیشـتن بە مـاف و ئازادیەکانیـان دەستنیشـان کـراوە.بەم بـۆنەوە وەک ڕێکخـراوی ئافرەتـانی خەبـات، پیرۆزبـای خۆمان پێشکەش بە هەموو ئـازادیخوازان بەگشتی و ئافرەتـانی ستەم لێکراوی کوردستان و کەسانی خـاوەن هـزری یەکسـانی خـوازی و داکۆکیکـاری مـافی ڕەوای ئافرەتـان بەتـایبەتی، پێشکەش دەکەیـن. هەر وەک چـۆن لە ڕەوتـی مێـژووی خەبـات بـۆ نەمـانی نـاعەداڵەتی و بەدەست هێنانـی یەکسانی و گەیشتن بە پلەی بەرزی ڕزگاری و پێشکەوتن، گەلێـک ڕۆژ وبۆنەی دیار و پیـرۆز هەن، 8ی مارسیش ڕەمزی خـۆڕاگری و چاونەترسی و ئـازایەتی ئافرەتـانی بە هەڵوێست و زینـدو و خـاوەن بیـرو بـاوەڕی یەکسـانی خـوازیە لە پێنـاو گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی بە بـێ لە بەرچـاوگرتنی جیـاوازی ڕەگەزی.بەداخەوە سەرەڕای پێشکەوتنی زانست و تیکنۆلـۆژی لە کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی دا ، تـا ئێستاشی لەگەڵ دابـێ وەک پێویست ئافرەتـان بە پلە و مـافی ڕەوای خۆیـان نەگەیشتون. لە کۆمەڵگاو نیزامە دواکەوتوو و داخـراوەکـاندا ، ئافرەتان لە هەل و مەرجێکی یەکجار نا دادپەروەرانە و بە دوور لە هەر جۆرە عورف و عـادەتێکی مرۆیـی هەڵـس و کەوتیان لەگەڵ دەکرێ و بە بەردەوامی دەچەوسێندرێنەوە و وەک مرۆڤـی دەرەجە خـوار و تەنـانەت وەک کـاڵا و موڵکی تـایبەت و شەخسی ڕەگەزی بەرابەریـان دەژمێـردرێن، و بەر لە هەر جـوڵە و کردارێکیـان لە پێنـاو ناسینی خۆیـان و مافەڕەواکانیـان دەگیـرێ.بەرچـاوترینی ئەو کۆمەڵگا و نیزامانە، کۆمەڵگای داخراوی ئێرانی ژێر سیبەر و دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندیە.ئەوەی بۆ ئێمەی ئافرەتـان لە کوردستانی ئێران دا جێگـای شـانازی و مـایەی دڵخۆشیە، خەبـات و هەوڵـی ئافرەتـانە لە پێنـاو خاشەبڕ کردنـی ئەو نەهـامەتی و بـێ مافیانە کە بە هەوڵ و مانـدوو بوونی ئافرەتان و بە پشتیوانی هێز

و لایەنەکـانی دژبەری ڕژێـم توانیویـانە ڕێکخـراوی سـەربەخۆ و داکۆکیکـار لە مافەکـانی خۆیـان دامەزرێـنن ، کە ڕێکخـراوی ئافرەتـانی خەبـاتی کوردستانی ئێـران یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە مـاوەی 18 ساڵە لە سەنگەری خەبـاتی ژنـان بـۆ گەیشـتن بە ماف و ئازادیەکـانیـان تێدەکۆشـێ. لە ساڵیادی 8ی مارسدا، ئێمە وەک ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات، لە پێناو هەرچی زیاتر خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەوپێش بردنی چالاکی و هەوڵەکانمان لە پێنـاو هانـدانی هاوڕەگەزەکانمـان لە کوردستانـدا، داوا لە گشت خاتونـانی خەمخۆر لە کۆمەڵگاکەمـان دەکەیـن کە هەرکام لە شوێن و پێگەی خێزانـی، ناوەندەکانی خوێندن بە مامۆستا و قوتابی، ناوەندەکانی تەندروستی و تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگا، هـاو کار و پشتیوانمان بن و هەرکەس بەنـۆرەی خـۆی لەم خەبات و تێکۆشانەدا دەینی خۆی ئەدا بکا، تا بتوانین لە سۆنگەی ئەم گشتگیری و هاوکاری و خەمخۆریەمانەوە بە ئاوات و ئامانجە بەرزەکانمان بگەین. دڵنیاین کە بە گشتگیرکردنی ئەم بزاڤە ڕەوایەمان دەگەینە لـوتکەی بەختەوەری و یەکسـانی و پێشکەوتن و دڵنیایی و هێمنـایەتی لە ژیـان دا. بـا بە بەرەنگاربوونەوەی نەریت و یاسا چەوت و ناعەداڵەتیە کۆمەڵایەتیەکان، هەوڵدان بۆ خۆ پێگەیاندن و زانست کۆکردنەوە و خۆ دەرخستن و بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆمەڵە پێوەندی دارەکان و پێک هێنانی ئاڵوگۆڕ لە ڕەوت و تێڕامان لە شێوازی ژیانمان دا بە شێوەی سەردەمیانەی وا کە خزمەت بە پلەی بەرزی مرۆڤ بوونمان دەکات، بکەین. چونکە ئەرکی ئێمە سەرەڕای خەبـات بـۆ ڕزگـاری، پەروەردە و بارهێنـانی نەوەی نـوێی کۆمەڵگاکەمـانە وەک دایک و یەکەم مامۆستا لە قوتابخانەی ژیـان دا بـۆ مرۆڤایەتی.

ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران.
7ی مارس 2021

# پەیامی ڕێکخراوی لاوانی خەبات بە بۆنەی 8ی مارس، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان

ئافرەتـــــــــــــانی ئــــــــــــــــــازادیخواز!
لاوانـــــــی تێکۆشـــــــەر و مانـــــــدوویی نەنـــــــاس!

بێگومـان ڕۆژی نێـونەتەوەیی 8ی مـارس، خـاڵی وەرچەرخـانە لە مێـژووی خەباتکـارانەی ئافرەتـانی جیهـان کە دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی 1857ی زاییـنـی، کە هەلـومەرجی نالەبـارو ئەسـتەم و هەروەها حەقدەستی کەمی ئافرەتـانی کرێکار لە کارگەی ڕستن و چنـین لە شـاری نیۆیـۆرکی ئامریکـا، بـووە هـۆی دەربڕینـی نـاڕەزایەتیی لە دژی نـادادپەروەری و سـتەم و سـەرکوت، ئەم ناڕەزایەتییـانە بە تێپەڕبـوونی کـات شـێوەیەکی سیسـتماتیکی لەخۆگرت و بووە هۆی مانگرتنی ئافرەتانی ئەم کارگەیە. بەڵام ئافرەتانی مافخواز کەوتنە بەرپەلاماری پۆلیس و زیندانی و شکەنجە دران. ئەم جووڵەیە هەموو ساڵێک بەشێوەی نهێنی و ئاشکرا لە چەنـدین وڵات وەکوو ئامریکا، فەڕانسە، ئاڵمان بەڕێوە دەچوو و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بریندارو دەستگیر دەکران.لە کۆتاییدا لەساڵی 1911 کلارا زتکین" ئەندامی ئافرەتـانی سوسیالیست، پشنیاری دا ڕۆژی 8ی مارس وەکوو ڕۆژی نێونەتەوەیـی ئافرەتـان دیـاری بکرێ.کە لە سـاڵی 1977 لەلایەن ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو ڕۆژی ئافرەتـان، بەفەرمی دیاری کرا و ئێستا لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتـانی جیهان بەرز ڕادەگیرێ.بێگومان مافی ژنان تەنیا لەبواری ئابووریەوە نەبووە و تا وەدیهێنـانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئافرەتان، ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە، بەڵام خەباتی ئافرەتانی بوێر لەوساڵانەدا، بـووە هۆی ئەوەی کە دەنگی چەوسێندراوی ئافرەتـانی ستەملێکراو بگـاتە هەمـوو جیهـان.ئێسـتا لە ڕۆژی 8ی مـارس، ئافرەتـان و پیـاوان و هەمـوو چـین وتوێژەکـانی کـۆمەڵگە کە باوەڕیـان بە ئـازادی و دادپەروەری هەیە، بەبـێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و ئایین و بیروبـاوەڕ، یـادی ئەم ڕۆژە دەکەن و کردوویانە بە هێمایەک بۆ نیشاندانی ئەو نادادپەروەرییـانەی لەدژی ئافرەتانـدا دەکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ساڵێک یادی هەشتی مارس بەرز ڕادەگیرێ، بەڵام ئافرەتان لە هەموو جیهاندا دەچەوسێندرێنەوە، و ئەوەی کە کۆتـایی پێ نایە ورەی بەرزی ئافرەتـان لە خەبات بۆ گەیشتن بە جیهانێکی ئەمن بۆ هەموو مرۆڤێکە.ئافرەتانی ئـازا و بـوێری نیشتمان پەروەر و لاوانی خۆڕاگر! مە ساڵانەدا هەلومەرجی ئافرەتان لە ئێران و کوردسـتان هەتادێـت خراپتـر دەبێـت، سیسـتەمی پیاوسـالاری، نەبـوونی مـافی تەڵاق وسەرپەرەستی منـداڵ، هاوسەرگیری زۆرەملـێ، توندوتیژی خاوەنکـار و کـاری زۆر و حەقدەستی کەم، نەبوونی یاسایەک بۆ پشتیوانی و بەرابەری نێوان ئافرەتان و پیاوان، داخراوی کۆمەڵگە و بیری دەمارگرژانە و پیاوسالارانەی هەندێک بنەماڵە بووەتە هۆی هەڵکشانی دیاردەگەلێک وەکوو ژنکوژی و خۆکوژی.ڕژێمی دیکتـاتۆرو دژەمرۆڤی ئاخوندی، بەچەوساندنەوەی ئافرەتـان دەستی بەسەرکۆمەڵگەدا گرتووە، و ڕۆژانێک وەکـوو هەشـتی مـارس بەفەرمـی ناناسـێت و دەنگـی چالاکـان و پـارێزەرانی مـافی ئـافرەت لەهەمووکـات زیـاتر نـوقم دەکـات لە بەندیخانەکانـدا شکەنجەیان دەکـات.

ئافرەتانی کۆڵنەدەر!

ڕێکخراوی لاوانـی خەبـات هەمووکـات ڕەنجـی ئافرەتـانی کوردسـتانی بە ڕەنجـی هـاوبەش زانیـوە و لە پێنـاو سڕینەوەی چەوساندنەوە و ستەم لەخەبـات و تێکۆشـان لاینەداوە.وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی نێونەتەوەیی ئافرەتـان لە هەموو ئافرەتـان و بەتـایبەت ئافرەتـانی تێکۆشەری کوردستان، و یادکردنەوە لەئافرەتـانی شەهیدی ڕێگـای ئازادی، لەم ڕۆژەدا ئێمە وەکوو ڕێکخراوی لاوانی خەبات ڕایدەگەیەنین هەمووکات و لەهەر بارودۆخێکدا پشتیوانتان دەبین و باوەڕمان وایە ئازادی کۆمەڵگە لە ئـازادی ئافرەتاندا دەبیندرێتەوە.

ڕێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران.
7ی مارسی 2021

# ڕەشنووسێک لەدژی ڕژێمی ئاخوندی دراوەتە شۆرای باڵای ئاژانسی نێونەتەوەیی



زلهێزە ئوروپاییەکـان ڕەشنوسی بڕیارنامەیەکیـان لە دژی ڕژێمی ئێران داوەتە شۆرای بـاڵای ئاژانسی نێونەتەوەیی. بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستی ئامریکا بۆ (پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک لە دژی ڕژێمی ئێران ) ڕەشنووسی ئەم بڕیارنامەیان بە ٣٥ نوێنەری ولاتانی ئەندام لەم شۆرایە داوە. لەم بڕیارنامەیە دا کە دەقێکی دراوەتە دەستی هەواڵدەری فەڕانسە و ڕۆیتەرز، زلهێزە ئوروپاییەکـان نیگەرانن لەوەی کە ڕژێمـی ئێـران لە پێوەنـد بە دۆزینـەوەی ئۆرانیـۆم لە دوو بەشـی نـاوکەیی دا، هـیچ ڕوونکردنەوەیەکـی نەداوە. ئەم سێ وڵاتە بـۆ پشـتیوانی لە هەڵوێسـتی ئامریکـا، داوایان لە ڕژێم کردووە کۆتایی بە پێشێلکردنی ڕێکەوتنی ناوکەیی بێنێت.

ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt/www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

# TEKOSHAN

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# بەڕێوە چــوونی ڕێ و ڕەسمی 8ی مارس لە بنکەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران






ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات، ڕۆژی شەممە 6ی مارس، بە ئامادەبوونی بەڕێز کاک بابەشێخ حوسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات، ڕێ و ڕەسمێکی بەشکۆی بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە بنکەی سەرەکی لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە پارێزگای هەولێر بەڕێوەبرد.سەرەتای بەرنامەکە بە دەقەیەک وەستان بۆ گیانی ئافرەتانی قوربانی دەستی پێکرد.پاشان پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەت، لە لایەن کاک ڕێبواری حوسەینی، ئەندامی دەفتەری سیاسی پێشکەش کرا.لە درێژەی پرۆگرامەکەدا، خاتوو شیلان محەممەدی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و هاوکاتا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراو ،پەیامی ڕێکخراوی ئافرەتانی خوێندەوە.
دواتر سرودێک بەبۆنەی 8ی مارس لە لایەن کۆڕی هونەری پێشکەش کرا. هەروەها پەیامی ڕێکخراوی لاوانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە لایەن کاک کەریم بابەکری ئەندامی ڕێکخراوی لاوان خوێندرایەوە.لە درێژەی بەرنامەکەدا، سپاس نامەی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات، لە لایەن کاک کامیلی نورانی فەرد ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمان، بەخشرایە هەر یەک لەخاتوو شیلان محەممەدی وخاتوو ئەوین فەرەجی.لە برگەیەکی دیکەدا ڕێکخراوی ئافرەتان، سپاس نامەی بە دوو خاتونی ئەندام لە نێو ڕیزەکانی خۆی کە چالاکانە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەرکەکانیان تێکۆشاون، پێشکەش کرد. ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران. 8ی مارسی 2021









## پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی خەبات، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک




لە ساڵی ١٩٥٢ ی زایینی، خوێندکارانی شاری (داکا) ی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی پاکستان لە پێناو دەستەبەری زمانی دایک، خۆ نیشاندانیان کرد کە لە ئاکامدا دەیان کەسیان لێ کوژرا. لە دوای ساڵانێک مل بە ملێ و پێداگری لەسەر ماف و هەروەها دژبەری ئەم خواستە و هاوکات لەدوای ئەوەی بەنگلادش سەربەخۆیی وەرگرت، لەسەر داوای بەنگلادش لە ساڵی ١٩٩٩ یونسکۆ ٢١ فێوریەی هەر ساڵێکی وەک ڕۆژی زمانی دایک دیاری کرد.ئامانج لە دیاریکردنی ڕۆژێک بەو بۆنەوە، بردنە سەری هۆشیاری و ئاشنابونە بە فرە زمانی و فرە فەرهەنگی، لە جیهاندا کە بەداخەوە تا ئێستاش نەتەوە باڵادەستەکانی حاکم حاشای لێدەکەن. لەگەڵ هەموو کۆسپەکانی سەرەڕێ، دایک و ئافرەتانی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پاراستنی زمانی دایک و زیندوویەتیەکەی.بۆ مانەوەی زمان، هەر نەتەوەیەک پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانە، بۆ مانەوەی و گەشەکردنی زیاتر و مانەوەی ژیاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ....، ڕێگەکانی مانەوەو گەشەکردن، ڕوبەڕوبونەوەی داگیرکەران و دیکتاتۆرانەو نا گوتنە بە، ڕەفتاری باڵادەستی نەتەوەیی و هێشتنەوەی زمانی دایکی و کلتورەکەیەتی .

دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە سەروشیانەوە ڕژیمی ئێران، لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران، بە تایبەت کورد، دەسەڵاتی گرتە دەست و هەتا ئێستاش هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی گەلی کورد دەدات. ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک و گرتنی مامۆستایانی زمانی کوردی و کەسانی چالاکی فەرهەنگی و کلتوری و نەتەوەیی و سزادانیان و مەحکوم کردنیان، هەروا درێژەی هەیە، بەڵام کەسانی نەتەوەیی و بە هەڵوێستی وەک مامۆستا زارای موحەممەدی، زیاتر دێنە مەیدان و نیەتی ڕژیم بەدیارتر دەخەن.بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەو پلانانە، چالاکانی فەرهەنگی و زمانەوانی دیکە، بەردەوامن و هەوڵەکانیان بۆ پاراستن و فێرکردن و پێگەیاندن، وەچە بە وەچە دەچێتە پێش.
ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوان، بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی و ئەرکداریان، لە هەوڵی فێرکردن و پاراستنی زمان و کلتوری نەتەوەیداین و لە بەرانبەر سیاسەتی هەڵاواردن و سڕینەوەی، هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ و بەهاندانی ژنان و لاوانی کورد بە فێر بوونی نووسین و ئاخافتنی کوردانە ڕێگەی پاراستن و هێشتنەوەی زمانەکەمان هەروا بە زیندوویی وگەشاوەتر و فراوانتر دەکەن.ئێمە وەک هەردوو ڕێکخراو، ئەم ڕۆژە پیرۆز ڕادەگرین و بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە تاک بە تاکی نەتەوەکەمان دەکەین.

ڕێکخراوەکانی: لاوان و ئافرەتانی خەبات